گوڤارا زانكویا زاخو، پەربەندا:2(B)، ژمارە:2، بپ 324-352، 2014

# ئەدەبیاتی ڕیکلام لە ڕۆژنامە كوردییەكاندا

## توێژینەوەیەكی وەسفیە بۆ ڕیكلامی ڕۆژنامەوانی لەڕووی زمان و شێوەی خستنەڕوو (خەبات بەنموونە ٢٠٠٥-٢٠٠٦)

**ئاریـانا ئـیبراهـیم محەمەد**

بەشی ڕاگەیاندن،كۆلیجی ئەدەبیات،زانكۆی سەلاحەدین، هەرێمی كوردستان – عێراق.

*((رەزامەندیا بەلاڤكرنێ :22 ئیلون 2014))*

**پوخته**

**ڕێكلام لەنێو جیهانی ڕۆژنامەگەرییدا كارێكی گرنگ و پێویستە، یارمەتی دەزگاكانی ڕاگەیاندن دەدات لەدەستخستنی لایەنە ئابوورییەكەی، كە لەسەرەتا بەهەموو شێوەكانییەوە دەستپێكردووە وبەپێی سەدەكان وقۆناغەكانی مێژووی دەركەوتنی پەرەیسەندووە، تاكو گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی ئێستا كاری پێدەكرێ. گرنگی ڕێكلام بەپێی پێشكەوتنە تەكنەلۆژیاكانی سەردەم كە بەشێوەیەكی خودی پێشدەكەوێت دەردەكەوێت بەهۆی پێشكەوتنە خێراییەكانی ئامرازە ئەلیكترۆنیەكان لەجیهانی ئەمرۆدا لەسەر ڕێكلام وئاگادارییەكان ڕەنگیداوەتەوە و بەهۆیەوە دیزاینی ڕێكلام و دەرهێنانی گەیشتە ئاستێكی بەرزی شێوازەكان. واتە ڕێكلام پەیوەستە بەكۆمەڵە جۆر و شێوزاەوە كە لەڕێگایانەوە ئامادەدەكرێت و دەخرێتەڕوو، بۆیە بۆ دەستنیشانكردنی ئەدەبیاتی خستنەڕووی ڕێكلام زمان وگرنگترین شێوەكانی خستنەڕوو لەڕووی دیزاین و شێوەی دەرهێنانەوە، بەپێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە ئامادەبكەین كە سەرەتا باس لە چەمكی ڕێكلام و پێناسەیەكی كورتەوە دەكات، پاشان جۆرەكانی ڕێكلام بەگشتی دەستنیشان دەكات، دواتر گرنگترین شێوازەكانی دەرهێنان و دیزاینی ڕێكلامەكان دەخاتەڕوو، لەگەڵ زمان و شێوەی بڵاوكردنەوە، كۆتایی بەئەنجام و لیستی سەرچاوەكان دێت.**

### پێشەكی

ڕێكلام بەهەموو جۆرەكانی یەكێكە لەچالاكییە ڕاگەیاندنەكان بۆ دەستخستنی لایەنە ئابوورییەكەی، كە بۆ گشت چالاكییە ئابوورییەكان دەستبەرداری ناكرێت وەك: (پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری) و چەندین چالاكی ئابووری دیكە لەلایەن گشت ئەو ڕێكخراو و دامەزراوانەی كەبەكاری جۆراوجۆری بێبەرامبەر تایبەتمەندن وەك: (ڕێكخراوی خێرخوازی وسوودمەندنەبووەكانی دارایی)، بەرامبەر بەئەرك وماندووبوون و زەحمەت كێشانیان، بێ ڕێكلامكردن و ئاگاداری، پشتگیری كۆمەڵگا و بەخشینی دارایی پێویست بەدەستناخەن، تاكو بتوانن لەسەر كار و گەیاندنی پەیامەكانیان بەردەوامبن.

دروستكردنی ڕێكلام كارێكی نوێی ڕاگەیاندن نییە، بەڵكو ئەم كارە هونەرێكی كۆنی گەیاندنە و بەدرێژایی مێژووی دەركەوتنی ڕاگەیاندن دەركەوتووە و بەپێی قۆناغەكانی سەرهەڵدانی پێشكەوتووە. گرنگی ڕێكلامیش لەوەدا دەردەكەوێت كاتێك كاریگەریی لەسەر كۆمەڵگا دەبێت بۆگۆڕینی بیروڕاو ئاراستەكانیان بەشێوەیەك پەیامە ئاراستەكراوەكان لەگەڵ حەزو ئارەزووەكانی جەماوەر بگونجێت، هەروەها سوودێكی مادی و میناكی هەبێت كە لە بەرژەوەندی تاك و كۆمەڵدا بێت. بۆیە بۆ ئەنجامدانی هونەری ڕێكلام پێویستی بەئامادەكردن و پلانێكی تایبەت هەیە، ئەمەش پەیوەستە بەشێوازی جۆراوجۆرەوە كەبەپێی بابەتی ڕێكلامكراو وجەماوەرەكە دەستنیشاندەكرێت، هەموو ئەمانەش بەندن بەجۆری دەرهێنانەكەوە. لێرەدا بەهۆی گرنگی بابەتەكە و پێویستی سەردەم بەمجۆرە زانیارییانە بەپێویستمان زانی ئەم لێكۆڵینەوەیە بەناونیشانی (ئەدەبیاتی ڕێكلام لە ڕۆژنامە كوردییەكاندا، خەبات بەنموونە)دا وەك هەوڵێكی بچووكی زانستی ئامادەبكەین وبخەینە

بەردەستی خوێنەران، بەهێوای سوود لێوەرگرتنی و خستنەڕووی رۆڵ و بایەخی رێكلامە رۆژنامەگەرییەكان لە جیهانی راگەیاندندا. ئەم توێژینەوەش بەپێی رێبازی وەسفی شێوازەكانی رێكلامكردن و زمان و رێژەی بلاوكردنەوەی لەنێو رۆژنامەی خەبات لەنێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦) خستۆتەڕوو، نموونەكانیش بەشێوەیەكی هەرەمەكی وەرگیراون و شیكراونەتەوە.

توێژینەوەكە بریتییە لەپێشەكی كە دەستپێكی چوونە ناو بابەتەكەوە، پاشان كورتەیەكی ناساندنی رێكلام بۆ تێگەیشتن لەچەمكی رێكلام لەرووی واتا وزاراوەییەوە بەپێی ئەم بابەتانە: (چەمك وپێناسەی رێكلام، ئامرازە راگەیێنەری بلاوكردنەوەی رێكلام)، كە بەتێرو تەسەلی باسكراون. پاشان لەباسی (جۆرەكانی دابەشكردنی رێكلامی رۆژنامەگەری)، باس لەجۆرەكانی رێكلام كراوە كەلەسەر چەند بنەمایەك دامەزراون وەك: (بنەمای جەماوەر، بنەمای جوگرافی، لەرووی شێوەیی، ١- رێكلامی دەروازەكانی جێگیركراو، ٢- رێكلامی نووسراو، ٣- رێكلامی پانتایی، ٤-رێكلامی كۆكراو)، پێوەرەكانیشی لەرووی پیشەی بازارگەیی رێكلام، لەرووی دەروازەكانی دابەشكردنەوە، لەرووی شێوەییەوە)، پاشان جیاوازی لەشێوازەكانی پروباكەندە، ئەمانەش زۆر بەوردی خاڵە گرنگەكانیان تیشكیان خراوەتەسەر. دواتر باس لە (دەرهێنانی رێكلامی رۆژنامەگەری) كراوە وتیایدا: (١- دیزاینی رێكلام، ٢- بەكارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی، ٣- بەكارهێنانی رەنگ لەنێو رێكلامەكاندا) خراونەتەڕوو، دواتر شێواز و تایبەتمەندییەكانی رێكلام، و زمانی پروباكەندە و زمانی رێكلام)، كە بەشێوەیەكی گشتی شێوازەكانی خستنەڕووی رێكلامەكان باسكراون، لەكۆتاییدا نموونەكان بەپێی چەند خشتەیەك خراونەتەڕوو، دواتر ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان ریز كراون.

**١- چەمك و پێناسەی رێكلام :**

بۆئەوەی بەروونی لەچەمكی رێكلام بگەین وجیاوازی لەگەڵ جۆرەكانی تر باس لەهەر سێ زاراوەكە (رێكلام، ئاگاداری-جاردان-پروباكەندە) پێكەوە دەكەین. رێكلام (Reklam) واتای (اشهار) دەگەیەنێت بەئینگلیزی (Advertising)، بەفەرەنسی (Publicité) دێت. یەكێكە لەكەرەستە سەرەكییەكانی بەكارهاتووی راگەیاندن، بەمەبەستی قازانجكردنی دارایی یان سوودوەرگرتنی میناكی دێتەكایەوە كەلەشێوەی پەیوەندیكردنێكی ناتایبەتیدا (non-personal)، دەردەكەوێت و لەرێگای ئامرازێكی گەیاندنی پارەدراو یان بێبەرامبەردا ئەنجامدەدرێت. لەلایەكیتر زاراوەی ئاگاداری (اعلان – Announcement)، و پروباكەندە (دعایە – Propaganda)ش هەمان مەبەست بەلام ئامانجی جیاوازە، هەرچەندە زاراوەی (ئاگاداری- اعلان – Advertising) بەواتای ئاشكراكردن یان خستنەڕووی شتێك دێت، پێچەوانەی شاردنەوە، و بەمەبەستی بلاوكردنەوە و راگەیاندن دێت(١). كەچی پروباكەندە – دعایە لە كەرەستە ناتایبەتییەكانەوە و بێبەرامبەرە، بۆ پێشكەشكردنی كالایەك یان بیرێك یان خزمەتێك بۆ جەماوەرەكە، هەروەها بریتییە لەچالاكییەكی هەواڵی و لەسەردەمی ئێستادا چەمكێكی فراوانی وەرگرتووە و تێكەلاوی گشت بوارەكانی ژیان بووە، لەرووی ئابووری و سیاسی و بازرگانی و رۆشنبیری و پەیوەندییە گشتییەكاندا(٢). یاخود بریتییە لەهەوڵی كاریگەریی بەسەر تاك و كۆمەلانی خەڵكەوە بۆئەوەی كۆنترۆڵی هەڵسوكەوتەكانیان بكات، لەرێگای ئامرازەكانی راگەیاندن بەمەبەست و ئامانجی جۆراوجۆر و لە ماوەیەكی دیاركراودا بلاودەكرێنەوە. ئەمەش وا دەكات كە زاراوەیەكی جێگیر بۆ رێكلام نەدۆزرێتەوە و هەرجارێ بەناوێك ناودەبرێت، وەك: (رێكلام- ئاگاداری – اعلان- پروباكەندە Reklam –Announcement–Advertising

Propaganda-)، بەلاّم دواتر ئەم ناوانە هەمووی هەر یەکە و چەمکێکی تایبەتی خۆی وەردەگرێت جیاواز لەگەڵ چەمکی ڕێکلام. پێناسەکانی ڕێکلامیش جۆراوجۆرن بەپێی دارِشتن و وردەکاری و تایبەتمەندییەکانی دەگۆڕێن، کە جیاوازی لەنێوان بیروڕا و بۆچوونی زانا و توێژەران و کەسانی شارەزا دەبینرێت، بەلاّم بۆ گەیاندنی مەبەستی ڕێکلام هەموویان یەك مەبەستیان دەگرێت و لەناو یەك ناوەرۆکدا دەخولێنەوە.

**١/١- لەرووی زاراوەوە :**

لەرووی زاراوەییەوە ڕێکلام، ئاگاداری و پروپاگەندە، هەر سێ چەمکی جیاواز بریتین لە (نیشاندان –خستنەڕوو- بلاّوکردنەوەی)، شتێك یان بابەتێك یان هەر کالاّیەکیتر- بەپێی ڕێکەوتنێك لەهەر کۆمەڵگایەك، کە بەواتای (نیشاندان-بلاّوکردنەوە-وەشاندن) دێت، بە رەگەز لەسەرچاوەی (پێراگەیاندن) هاتووە، کە مەبەستی (ئاشکراکردن – دیارکردن، خستنەڕوو) دەگەیەنێت(٣). بەلاّم وشەی ڕێکلام خۆی لە زمانی ئینگلیزی وەرگیراوە، کەدوو وشە لەبەرامبەریدا هەیە ئەویش: ( Reklam or Advertisement) واتە خستنەڕووی کالاّکان، هەروەها (Announcement) بەمەبەستی گەیاندن یان راگەیاندنی زانیاریەك دێت(٤). لەزمانی کوردی زاراوەی جارِدان بۆ ڕێکلامکردن بەکاردێت، کەبریتییە لەهونەری سەرنجراکێشانی خەڵك و کارتێکردنیان. هەروەها دوو ئەرك بۆ چەمکی جارِدان دەستنیشانکراوە، جارِدانی بازرگانی و جارِدانی گەیاندنی پەیامێك یان ئاگادارییەك، بەلاّم ئێمە بۆئەوەی تێکەلاّویەك لەنێوان زاراوەکان دروستنەبێت، وشەی ڕێکلام بۆ بازرگانی بەکاردەهێنین و جارِدان بۆ شتە فەرمییەکان لە شوێنی پێویستدا بەکاردەهێنین.

**٢/١- لەرووی واتاوە :**

لەرووی واتاوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ڕێکلام کراوە، کە بەپێی سیستەم و کۆمەڵگا و رۆشنبیریی هەر میللەتێك جیاوازە و دەگۆڕێت. بۆنموونە: ئۆکسفیلد دەڵێت: ئاگاداری (اعلان) پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنە ئامانجی ئەنجامدانی کاریگەریی بەسەر کریاردا، بەشێوەیەکی ناتایبەتی لەرێگای یەکێك لەئامرازەکانی راگەیاندندا. هەروەها کروفۆرد دەڵێت: ئاگاداری بریتییە لە هونەری سەرنج راکێشانی تاکەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵسوکەوتێکی دیارکراو. سەبارەت بە پروپاکەندە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا، بەمشێوەیە باسی دەکات: ئامرازی بەیەك بەستنەوە یان ڕێکخەر یان جولەیەکی دروستکراو بەمەبەستی پەخش و بلاّوکردنەوەی بنەمایەك یان هەڵسوکەوتێکی دیارکراو وەك دابونەریت و بیروباوەڕ یان هەموو چالاکییەکی پەیوەست بەمبوارەوە. لەفەرهەنگی ویبستەر پروپاکەندە ئەو: (بابەت وکارە وەرگیراوانەیە کە بۆ بلاّوکردنەوەی بیروباوەڕ و پرەنسیپ و گووتاری زارەکی و نووسراو بۆ بەرزکردنەوەی مەسەلەیەکی سیاسی یا ئایینی یا عەسکەری). لەرووی سیاسیشەوە: پروپاکەندە بۆ وەسف یان روونکردنەوەی لێدوانێکی حکومەتی ولاّتەکە بەکاردێت(٥).

لەم پێناسە فەرهەنگییانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت زاراوەی پروپاکەندە بەستراوە بەمەسەلەی ئایینی و سیاسییەوە. لەلایەکیترەوە زانای بەناوبانگی سوسیۆلۆژیا لاسویل پروپاکەندە بەئامرازێکی هێنانە ژێرباری کۆمەڵگا ناودەبات، واتە (وشە و وێنە وگاڵتە ئامرازی گەیشتن بەئامانجی دیارکراو لەرێگای کارتێکردنی بیری کۆمەڵ بەکاردەهێنێت)(٦).

بۆ ئاگاداری پێناسەی هەرە باوەکەی کە زاناکان لەسەری کۆکن ئەو پێناسەیەی کە بۆ کۆمەڵەی بازارگەی ئەمەریکی دەگەڕێتەوە، تیایدا (ئاگاداری–اعلان) بەمشێوەیە باس دەکات: ((ئامرازێکی ناتایبەتییە بۆ پێشکەشکردنی بیرو خزمەتگوزاری کالاّکان بەهۆی لایەنێکی دیارکراو بەرامبەر بەبڕێکی پارە ئەنجام

دەدرێت))(٧). سەبارەت بە ڕێكلام كۆنترین پێناسە لەكۆمەڵگەی بازارگەی ئەمەریكی خراوەتەڕوو دەڵێت ڕێكلام: (شێوەیەك لە شێوەكانی گەیاندن پێشتر پارەی بۆ دراوە، تایبەت نیە بەكەسێك، بەڵكو بازرگانیكردنی كاڵا و بیرو خزمەتگوزارییەكان لەبەرژەوەندی پارەدەرێكی ناسراودا بێت)(٨). یان بەلای هەندێك كەسەوە ڕێكلام بریتییە: ((لەئاشكراكردن لەرووی زمانی خستنەڕوو وبلاوكردنەوە ڕێگاكانیشی زۆرن، وەك بانگكردن لەشوێنێكی دیار یان هەڵواسینی پەڕێك لەشوێنی تایبەت، یان بلاوكردنەوەی هەواڵ لەرۆژنامەیەك لەرۆژنامەكاندا))(٩). هەروەها ڕێكلام: ((اعلان– ڕاگەیاندن– ئاگاداری) هەموو بوارەكانی چالاكی دەگرێتەوە كە بۆ بلاوكردنەوەو پەخشكردن ئامادەدەكرێت، تیایدا ئاگاداری و ڕێكلامەكانی بینراو و بیستراو و چاپكراوەكان بۆ جەماوەر ئەنجامدەدرێت، بەمەبەستی هاندانی خەڵك بۆ كرینی ئەو كالایە یان خزمەتگوزاریە، كەبەئامانجی ڕێكخستنی بەشێوەیەكی ڕێكوپێك و گونجاو وە لەگەڵ ئارەزووی خەڵكەكە یەكبگرێتەوە))(١٠). واتە زۆربەی پێناسەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەن: ((ئاگاداری و ڕێكلام بریتییە لەئامرازی ناتایبەتی بۆ پێشكەش كردنی بیرۆكە و خزمەتگوزاری و كالای جیاواز و بانگەشەی بۆ بكرێت، بەهۆی لایەنێكی دیاركراو بەرامبەر بەبڕێكی پارە دراو))(١١). یان ((ئاگاداری و ڕێكلام بریتییە لەهەواڵ و چالاكییەكان لەلایەنی ڕاگەیێنەر بۆ باوەڕپێهێنانی كەسی بەرامبەر یان كریار وكار لەسەر هەڵویست و ئاراستەكانیان دەكات، بۆ لایەنی تایبەتی كە لەگەڵ ئامانجە بازرگانییەكان بگونجێت، لەرێگای ئامرازەكانی بلاوكردنەوەی جیاواز بەرامبەر بەبڕێكی دیاركراو لەپارە))(١٢).

لایەنی جیاوازی نێوان پێناسەی پروباكەندە و ڕێكلام، ئەوەیە ڕێكلام پیشەی پێناسەكردن و باوەڕپێهێنانی خەڵك ئەنجامدەدات، بەلام پروباكەندە تەنها ئەركی پێناسەكردن ئەنجامدەدات، ڕێكلام دەرفەتی دووبارەكردنەوەی چەندین جاری دەبێتەوە، بەلام پروباكەندە دەرفەتی یەكجار بلاوكردنەوەی دەبێت، ڕێكلام بڕی پارەی زۆری دەوێت، بەلام پروباكەندە بەخۆراییە، ڕێكلام بەزۆری ئامانجی گۆڕینی هەڵسوكەوتی كەسەكانە، بەلام پروپاگەند ئامانجی ئابووری و سیاسییە(١٣). هەروەها پروباكەندە بواری زمان و پرەنسیپە ئەدەبیی و ئیتیكییەكەی بۆ گەیشتن بەئامانجەكەی، گۆڕەپانی كاركردنێتی. كە لەسەر رەوش و بارودۆخی ململانێ نێوان دوو كۆمەڵە یان دوو دەوڵەت یان زیاتر ڕادەوەستێت، هەندێجاریش خەڵك بەرەنگاری ئەوجۆرە پروباكەندانە دەبن كە شێوەیەكی دژەگەلی بۆ بیروباوەر و دابونەریتیان، دروستدەكات(١٤). هەروەها پێناسەیەكی دیكە هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە لەناو یەك پێناسەدا كۆدەكاتەوە كەدەڵێت: (ئاگاداری (اعلان) چالاكییەكی تەواو و تێكەڵاو و ئامانجدارە، بریتییە لەچەند ڕوویەكی چالاكی جیاواز، لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەكان ئەنجامدەدرێت، بەئامانجی ئاگاداركردنەوەی جەماوەر لەچەند زانیارییەكی تایبەت بۆ ئاراستەكردنی هەڵویستەكانیان(١٥). هەرچەند زۆری پێناسەكان و جۆراوجۆری بیروڕاكان جیاوازی خستۆتەڕوو، بەلام گرنگ ئەوەیە هەموویان لەسەر ئەوە كۆكن ڕێكلام ئاگاداركردنەوە یان بانگەشەكردن بۆ بابەتێكی دیاركراو یان كالایەك یان خزمەتگوزارییەك بەرامبەر بەبڕێكی پارە دێت، بەمەبەستی ئەنجامدانی كاریگەرییە بەسەر خەڵكەوە.

**٢- ئامرازە ڕاگەیینەرەكانی بلاوكردنەوەی ڕێكلام:**

ئامرازە ڕاگەیاندنەكان ئەو كەنالانەیە كە لەرێگایانەوە پەیامە ڕێكلامیەكان دەگوازرێتەوە، لەكەسی ڕاگەیینەر بۆ كەسی وەرگر. یان ئەو كۆمەڵە بابەتە ئەدەبی و زانستی و هونەرییەی كە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەهۆی ئامرازێكی گەیاندن بەكۆمەڵە خەڵكەوە

دەگەیینرێن(١٦). جۆرە ڕۆژنامەگەرییەکەی دوو شێوەی جیاوازی هەیە ئەویش (ڕۆژنامە و گۆڤار)ە، کە شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ بەکارهێنان و بلاوکردنەوەی ڕێکلامەکان لەنێو لاپەڕەکان. ڕۆژنامە کۆمەڵە تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت بۆبلاوکردنەوەی ڕێکلام، وەك: (نەرمی جوگرافی، خێرایی و ئاسانی، سەرچاوە بۆ زانیاری، نەرمی لەخشتەکاری، جۆراوجۆری بابەت و شێوە ڕێکلامییەکان، بەرزکردنەوەی پلەی بەشداربوون لەلایەنی خوێنەر)(١٧). هەروەها ڕۆژنامەکانی ڕۆژانە ( Daily newspaper)(١٨)، کە ئامرازێکی سەرەکی ڕۆژنامەگەرییە بۆ بلاوکردنەوەی ڕێکلامەکان بۆ کەسی ڕاگەیینەر زیاتر سوودی هەیە جگە لەوەی ڕۆژنامەکە ئامرازێکی خوێنراو و بینراوە، وێنەکان لەڕێگای بلاوکردنەوەی ڕێکلامەکان پێشکەشدەکرێن. لەلایەکیتر کەسی ڕاگەیینەر لەئاستی یەکەمدا بایەخ بەرێژەی بلاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە دەدات و ئاستی گەیشتنی ژمارەی ڕۆژانەکەی بەدەستی خەڵکەوە.

دابەشکردنی بابەتەکانی ڕێکلام بەپێی پۆلێنکردنی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە ئەنجامدەدرێت کە زیاتر لەم لاپەڕانە بلاودەکرێنەوە: (لاپەڕەی یەکەم، لاپەڕەی حکومی، لاپەڕەی تایبەت و دوایین لاپەڕە). هەروەها لەناو ڕۆژنامەکانی ڕۆژانە بەشی جیاجیا و تایبەت بۆ ڕێکلامەکان تەرخاندەکرێت و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە لەژێر ئەو ناونیشانەی کە بۆی دەستنیشانکراوە دادەنرێت، ئەم ڕێکلامانەش بەپێی دێڕەکان کە لەپێنج وشە زیاتر نەبێت، دەژمێردرێن پاشان بەدووبارەکردنەوەی ریزەکان و جۆری پیتە بەکارهاتووەکان کە بەشێوەیەکی (زەق وگەورە و بەپانی) دادەنرێن بلاودەکرێنەوە. هەندێ ڕۆژی تایبەتیش هەیە بۆ بلاوکردنەوەی ڕێکلامەکان جیا لەڕۆژەکانیتر، وەك ڕۆژانی هەینی و پشووی تایبەت، کە زیاتر لای خوارەوەی لاپەڕەکە دەگرێتەوە. هەروەها کولفەی لاپەڕەی یەکەم و دوایین لاپەڕە بەرزترو گرانترە لەلاپەڕەکانیتردا، چونکە دەبێتە جێگەی سەرنجراکێشانی خەڵك. بەلام بلاوکردنەوەی ئەم جۆرە ڕێکلامانە لەنێو گۆڤارەکان جیاوازە، چونکە گۆڤار (Magazines)(١٩)، یەکێك لەئامرازە سەرەکییەکانی ڕێکلامی چاپە، جەماوەری خۆی هەیە و بەپێی جۆری گۆڤار و بابەت و کەسانی ئاراستەکراو لەگەڵ خولی دەرچوونی، دەگۆڕێت. هەروەها بلاوکردنەوەی ڕێکلام لەناو گۆڤارەکان دەرفەتی بەرچاوکەوتنی کۆمەڵە وێنە و ریپۆرتاژ وچیرۆکی جۆراوجۆر دەرەخسێنێ، بەئامانجی پێشکەشکردن و شیکردنەوەو لێکدانەوەو و ردەکاری زیاتر بۆ هەموو بابەتەکان(٢٠). گۆڤاریش بۆ دوو جۆر دابەشدەکرێت، یەکەم: (گۆڤاری گشتی: کە بابەتەکانی جۆراوجۆرن وەك، سیاسی کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی، وەرزشی). دووەم: (گۆڤاری تایبەتی: باسی بابەتێکی تایبەتی دەکات، کە ئاراستەی چینوتوێژێکی دیارکراوی کۆمەڵگا دەکات، واتە گۆڤارێکی تایبەتمەندە)(٢١). گۆڤاری تایبەتمەندیش (متخصص)، ماوەی بلاوکردنەوەی ڕێکلامی ئاراستەکراو بۆ جەماوەرێکی تایبەت دەرەخسێنێت، وەك: (وەرزشی- کشتوکاڵی- مندالان، هونەری)(٢٢). لەتایبەتمەندییەکانی گۆڤار جۆراوجۆری بابەتەکانە، کە زیاتر ماوە و ڕێگا بەخوێنەر دەدات لەکاتی حەوانەوەو پشووی خۆی گۆڤارەکە بخوێنێتەوە، و ماوەی خوێندنەوەی ڕێکلامەکان زیاتر دەبێت، چونکە ماوەی مانەوەی یان تەمەنی گۆڤارەکە درێژترە لەتەمەنی ڕۆژنامەکان، هەروەها دەرفەت بۆ خوێنەران زۆرتر دەرەخسێنێت بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان، کەخوێنەر هەر کاتێك بیەوێت بابەتەکەی بخوێنێتەوە یان تەماشاکردنی ڕێکلامەکان، دەگەڕێتەوە سەری(٢٣). هەروەها جۆر و شێوازەکانی هونەر و تەکنیکی گۆڤارەکان دەرفەتی دەرهێنان و دیزاینکردنی ڕێکلامەکان لەنێو لاپەڕەکاندا زیاتر دەرخسێنێت و ڕێژەی

دووبارەكردنەوە زیاتر پەیڕەودەكرێت. هەروەها گۆڤارەكان ماوەی بەكارهێنانی پانتاییەكی گەورەتر و فراوانتر لەنێو لاپەڕەكانیدا دەدات لەوەی لەرۆژنامەكاندا پەیڕەودەكرێت، لەگەڵ توانای بەكارهێنانی رێكلامە رەنگاورەنگەكان، هەندێجاریش گۆڤار چوار یان هەشت لاپەڕە بۆ رێكلامەكان تەرخاندەكات(٢٤). هەروەها شوێنی بلاوكردنەوەی رێكلام وجۆراوجۆری كەرەسە و شێوەی پێشكەشكردنی رێكلام وتوخمی تێكەڵاوی و ئاوێتەبوونی لەگەڵ بابەتە رۆژنامەگەرییەكانی دیكە لەنێو گۆڤارەكاندا زیاتر بەرچاو دەكەوێت(٢٥). وەكو پێشتریش ئاماژەمان پێدا لەئامانجەكانی رێكلام گۆڕینی رەوشت و هەڵسوكەوتی خەڵكە، بەشێوەیەك كە هەڵویستیان گونجاوتر یان پەسەندتر بێت بەرامبەر بەكاڵاكە، ئەویش لەرێگای سێ هۆكارەوە: (دابینكردنی زانیارییەكان، كاركردن لەسەر گۆڕینی ئارەزووەكان، هەڵبژاردنی ماركەیەكی تایبەت)(٢٦). سەبارەت بەپروباكەندەش ئامانجی سەرەكی باوەڕپێهێنان بەپەیامی نێردراو. هەروەها بەكارهێنانی رێكلام لەنێو رۆژنامەگەریدا بایەخی خۆی هەیە، چونكە سەرچاوەیەكی زانیاری زیندووە، زۆربەی خەڵكیش رۆژنامەكان دەخوێننەوە و رۆژانە بەدوای هەواڵەكان دەگەڕێن و ماوەیەكی زۆر لەكاتی خۆیان پێدەدەن(٢٧). بۆیە ئارەزووی بلاوكردنەوەی رێكلامەكان لەنێو رۆژنامەكان زیاتر دەبێت كە بۆ گشتی خەڵك بلاودەبێتەوە، لەكەسانی سیاسی و بازرگانی و فەرمانبەر و پیشەسازیدا، بۆ هەموویان دەرفەتی بلاوكردنەوەی رێكلامەكان دەرەخسێت.

لەلایەكیتر ئەندامانی یەك خێزان رۆژنامەكان دەخوێننەوە، كە بابەتەكانی بەپێی دەروازەكانی دەرهێنان دیزایندەكرێن، هەروەها دەبێتە جێگەی بایەخ پێدانی گشت ئەندامانی یەك خێزان كە نرخی دەستخستنی یەك رۆژنامە زۆر هەرزانتر دەكەوێت. هەروەها رێكلام وەك یەكەیەكی هونەری تەواو لەئامادەكردنی رۆژنامەكە بەشداردەبێت، لەرێگای بەكارهێنانی گشت كەرەسە تایپۆگرافییەكانی بابەتی رێكلام(٢٨). وەك ناونیشان ودەقی رێكلامی و توخم و شێوە هونەرییەكانی، ئەوانەش پەیوەستن بەفاكتەری (دەق، وێنە و پانتایی)(٢٩)، بۆ دەرهێنانی رێكلامەكە. خێراییش وئاسانی بلاوكردنەوەی رێكلامەكان لەنێو رۆژنامەكان كەدەگاتە دەستی هەموو كەسەكان، كاریگەریی خۆی هەیە، چونكە رۆژنامە تایبەتمەندیی نەرمی هەیە، لەرووی بلاوكردنەوەی جوگرافی بەزۆری بەربلاو وفراوان دەبێت(٣٠)، هەندێجاریش لەئاستی هەرێمی دەگاتە ئاستی نیودەوڵەتی، وە لەرێگەیەوە خزمەتێكی گەورە بە بەرهەمهێنەر و دابەشكەرەكان دەگەیێت.

**٣- بنەماكانی دابەشكردنی رێكلام :**

رێكلام بەپێی ئەم بنەمایانەی خوارەوە بۆ چەند جۆرێك دابەشدەكرێت:

**٣/١- بنەمای جەماوەر :**

رێكلام بەپێی جەماوەرەكەی بۆ چەند جۆرێك دابەشدەكرێت كە كۆمەڵە سیما و تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت، وەك: (جۆری جەماوەرەكەی و ئاستی رۆشنبیری و پیشەییان)(٣١)، كە لەیەكتری جیاوازن.

**٣/٢- بنەمای جوگرافی :**

**٣/٢-١- رێكلامی لۆكالی:** ئەم رێكلامە بۆ چینێك لەچینوتوێژەكانی كۆمەڵگە ئاراستەدەكرێت، بۆنموونە هەندێ رێكلام یان ئاگاداری تایبەتە بەوكەسانەی بەدوای كارێك دەگەڕێن بلاودەكرێتەوە وئاراستەی كەرتی گەنجان ودەرچووانی زانكۆ دەكرێت بۆ دەستخستنی دەرفەتی ئیشكردن، وەك لەم رێكلامە دیارە : (كۆمپانیای عیراقی

وێنە ژمارە (١): رێكلامی لۆكالی



نویێ بۆ بازرگانی گشتی سنووردار)(٣٢).

٣/٢-٢- ڕێکلامی نەتەوەیی: ئاراستە هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگە دەکرێت. وەك لەو ڕێکلامە دەردەکەوێت کەئاراستەی هەموو نەتەوەکانی عیراق کراوە، بەناونیشانی: (بۆ دوارۆژێکی پشت بەستراو بەدەستوور و پارێزراو و بەهێزە شکۆمەندەکانمان)(٣٣).

وێنە ژمارە(٢): ڕێکلامی نەتەوەیی




٣/٢-٣- ڕێکلامی نیودەوڵەتی: تەنها بۆ کۆمەڵگای لۆکالی نیە بەڵکو بازدەدات بۆ کۆمەڵگاکانیتر ئاراستەی کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکان دەکرێت. بۆ نموونە بڕوانە ئەم ڕێکلامە کە بەناونیشانی: (ئێمەین بریاردەر بۆ عێراق)(٣٤)، هەروەها ڕێکلامێکی تر بەناونیشانی (ڕاپەڕین)(٣٥).

وێنە ژمارە (٤): ڕێکلامی نێودەوڵەتی




وێنە ژمارە (٣): ڕێکلامی نێودەوڵەتی




٣/٣- بنەمای شێوەیی :

ڕێکلام لەڕووی شێوەیی چوار جۆری سەرەکی لەخۆدەگرێت کە لەم چوار جۆرانەی خوارەوە کۆدەکرێنەوە(٣٦):

١- دەروازە ڕێکلامییە جێگیرکراوەکان (الابواب الاعلانية الثابتة) :
٢- ڕێکلامە نووسراوەکان (الاعلانات التحريرية) :
٣- ڕێکلامە پانتاییەکان (اعلانات المساحة) :
٤- ڕێکلامە کۆکراوەکان (الاعلانات المجمعة):

هەریەکیشیان بۆ چەند جۆرێکی دیکە دابەشدەکرێت.

٣/٣-١- دەروازەی ڕێکلامە جێگیر کراوەکان:

ئەمجۆرە ڕێکلامانە ڕۆژانە لەنێو ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە کە خوێنەر هەموو ڕۆژێ چاوەڕێیان دەکات ودەیانخوێنێتەوە، جۆرەکانیشی بەمشێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت (٣٧):

٣/٣-١-١- ڕێکلامە پۆلێنکراوەکان (Cclassified advertisements): ئەمجۆرە ڕێکلامانە دەگرێتەوە لەنێو ستوونە ئاساییەکان دەردەچێت، هەروەها بابەت و ناونیشانەکەی دەستنیشان کرابێت، کەهەموو بوارەکانی ژیان لەخۆدەگرێت و سیمای بازرگانی پێوە دیاربێت، وەك ڕێکلامەکانی ئۆتۆمبێل وخزمەتگوزارییە هونەرییەکان وداوای دامەزراندن و ئاگادارکردنەوەی تەندەرەکان، لەگەڵ کرین و فرۆشتنی خانووبەرە. واتە ئەو ڕێکلامانەی تایبەتن بەشتێك یان کاڵایەك یان هەر بابەتێکیتر، بۆنموونە ڕێکلامێکی تایبەت بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لەلایەن وەزارەتی بازرگانی بڵاوکرایەوە: (وەزارەتی

بازرگانی: کۆمپانیای گشتی بۆ بازرگانی ئۆتۆمبێل و مەکینە)(٣٨).

وێنە ژمارە (٥): ڕێکلامی پۆلینکراو




٣/٣-١-٢- ڕێکلامی کۆمەڵگا: ئەویش ئەوجۆرە ڕێکلامانە دەگرێتەوە کە هەواڵی خۆشی تێدا بلاَودەبێتەوە، وەك هەواڵی (چوونە ناو قەفەزی زێرین، یان (بەدەستگیرانبوون، یاخود سەرکەوتن لەخوێندن، یان بۆنەکانی لەدایکبوون و پیرۆزبایی کردن). واتە ئەو ڕێکلامانەی زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بۆنموونە بابەتێك بەناونیشانی: (لەئێوارە ئاهەنگێکی خنجیلانەدا هاوکارمان خاتوو ڕۆشنا عەلی چووە نێو قەفەسی زێرین)(٣٩)، کە لەو جۆرە ڕێکلامە کۆمەلاَیەتیانەیە. هەروەها بابەتێکیتر بەناونیشانی: (قوتابیەکی کورد و دکتۆرا نامەیەك لە ئەلَمانیا)(٤٠)، بەهەمان شێوەی ڕێکلامە کۆمەلاَیتییەکانە.

وێنە ژمارە (٦) : ڕێکلامی کۆمەڵگا
لەئێوارە ئاهەنگێکی خنجیلانەدا
هاوکارمان خاتوو ڕۆشنا عەلی چووە نێو قەفەسی زێرین
لەئێوارەیەکی فێنکی هاویندا دوێنی هاوکاری خۆشەویستمان خاتوو ڕۆشنا عەلی لەگەڵ کاك سەعید چوونە نیو قەفەسی زێرین و بەم بۆنەیە ئاهەنگێکی قەشەنگیان لەباخچەی ڕووناکی گێرا بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەکارمەندانی ڕۆژنامەی خەبات و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن. پیرۆزە لەڕۆشنا خان و بەهیوای ژیانێکی بەختەوەر.

وێنە ژمارە (٧) : ڕێکلامی کۆمەڵگا
قوتابیەکی کورد و دکتۆرانامەیەك لەئەڵمانیا
ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٢٩، عەبدولخالق محەمەد قادر گەلاَلی لە زانکۆی ئۆلۆڤۆنی ئەڵمانی – کۆلێجی ئەندازیاری بروانامەی دکتۆرای پیّ بەخشرا بە پلەی زۆر باشە دوای تاوتۆکردنی تێزەکەی بەناونیشانی (Quality management and International standards) لەلایەن سیّ لەپرۆفیسۆرەکانی کۆلێجی ناوبراو. ئەمەش یەکەم جارە لەم پسپۆریە بروانامەی دکتۆرا دەبەخشریّ لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست، عەبدو عەبدولخالق گەلاَلی لەدایك بووی شاری هەولێرە ساڵی ١٩٥٨ خوێندنەکانی پێش زانکۆی لەهەولێر تەواو کردووە، بروانامەی بەکالۆریۆسی لەئەندازیاری لەزانکۆی تەکنەلۆجی بەغدا بەدەستهێناوە لەساڵی ١٩٨١، ١٦ ساڵ وەك ئەندازیار و بەڕێوەبەری پرۆژەکاری کردووە، ٤ ساڵ مامۆستا بووە لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر، خاوەنی چەندین نووسین و بلاَوکراوەیە لەڕۆژنامەکانی عیرا و ئەورووپی. جێگەی باسە هەشت ساڵ دەبێت لەولاَتی ئەڵمانیا نیشتەجیّ بەو لەساڵی ١٩٩٩ لەهەمان کۆلێج و هەمان زانکۆ بروانامەی ماستەری بەدەست هێنا بوو لەبواری سیستەمی ئەندازیاریەکان.

٣/٣-١-٣- ڕێکلامی ئاماژەپێدان و بەڵگەکراوەکان: ئەمەش جۆرێکی تایبەتە کە خوێنەر بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەپێی خولی دەرچوونیان دەخوێنرێتەوە، بۆ ئاماژەکردن بەمەبەستێکی دیارکراودا دێنەکایەوە، یاخود ڕێکلامەکان بۆ مەبەستێکی دیکە ئامادەدەکرێن، وەك (ناوی زنجیرە فلیم و ناوی ریستۆرانت و شوێنە خزمەتگوزارییەکان). واتە ئەو ڕێکلامانەی کە ژمارە و بەڵگەی پێویستی لەگەڵدا بلاَودەکرێتەوە، لە ڕۆژنامەی خەبات لەلاپەڕەی ئاگادارییەکان کە لاپەڕی (١١-١٢) یان (١٥-١٦) دەگرێتەوە، ئەوّ جۆرە ڕێکلامانە تیایدا بلاَودەکرێنەوە. هەروەها ئەو ئاگادارییانەی لەبارەی کۆڕ و سیمیناری ڕۆشنبیری کەهەفتانە یان مانگانە سازدەدرێت، لەخۆدەگرێت. بۆنموونە ئاگادارییەك بەناوی (بەدرخانییەکان لەبنکەی کاوەی ڕۆشنبیریدا)(٤١)،بەمشێوەیە خراوەتەڕوو:

وێنە ژمارە (٨) : ڕێكلامی ئاماژەپێدانەكان
بەدرخانییەكان لەبنكەی كاوەی ڕۆشنبیرییدا
بنكەی كاوەی ڕۆشنبیریی كوردی لەدرێژەی چالاكییەكانی خۆیدا كاتژمێر ٥,٣٠ ی ئەمرۆ ئێوارە كۆرێك بەناونیشانی (بەدرخانییەكان و جەمیل پاشا و بزاڤی نەتەوەیی كورد) بۆ مامۆستا و توێژەر مالمیسانێژ لەباخچەی بنكەدا دەگێڕێت.

**٣/٣-١-٤- ڕێكلامی پرسە: ئەمجۆرە ڕێكلامانە دەگرێتەوە كەهەواڵی ناخۆش بڵاودەكەنەوە، وەك حاڵەتی كۆچی دوایی كەسێك یان مردنی لەناكاو هەروەها ڕۆژانی پرسە وسەرەخۆشیش بڵاودەكاتەوە. نموونە بۆ پرسە و سەرەخۆشی بەرپرسیك بۆ بنەماڵەی كەسە كۆچكردووەكە لەنێو ڕۆژنامەگەرییدا بڵاوكراوەتەوە. كەواتە ڕێكلامی پرسە تایبەتە بەبۆنە ناخۆشەكان و پرسەو سەرەخۆشی، كە لەنموونەی هەواڵێك بەناونیشانی: (جەلیل خەیات كۆچی دوایی كرد)(٤٢)، دەردەكەوێت:**

وێنە ژمارە (٩) : ڕێكلامی پرسە (ئاگاداری)

**جەلیل خەیات كۆچی دوایی كرد**

بەداخەوە سەعات ٤ی سەر لەئێوارەی دوێنێ كەسایەتی ناوداری شاری هەولێر جەلیل خەیات بە نەخۆشییەكی كتوپڕ لەنەخۆشخانەی ڕزگاری لەهەولێر كۆچی دوایی كرد، شایەنی باسە خوالێخۆشبوو یەكێك بوو لەو كەسایەتییە سەرمایەدارانەی كە لە مێژووی نوێی شاری هەولێردا وێرای چەند پڕۆژەیەكی خێرخوازی، ڕۆلێكی بەرچاوی هەبوو لەجموجۆڵی بیناسازی و ئاوەدانكاری شارەكەو، لەم بارەیەوە چەندین پڕۆژەی گەورەی بازرگانی و گەشتیاری و بیناسازی ئەنجام داوە.
بەم هۆیەوە بەناوی سەرنووسەر و كارمەند و ڕۆژنامەنووسانی (خەبات)ەوە پرسە و سەرەخۆشی لەكەسوكاری خوالێخۆشبوو دەكەین و داوادەكەین خوای گەورە بە بەهشتی بەرینی خۆی شاد بكا و سەبووری بەخانەوادەیان بدات.

**تێبینی : پرسەی خوالێخۆشبوو لەمرۆوە لە مزگەوتی جەلیل خەیات دەبێت.**

**٣/٣-٢- ڕێكلامی نووسراو (ئێدیتكراو– Editorial Advertisements):**

**ئەمجۆرە ڕێكلامانە دەگرێتەوە كەشێوەی وتاری نووسراو (ئێدیتكراو) وەردەگرێت(٤٣). هەندێجار كەسی وەرگر یان خوێنەر نازانێت كە ئەمە ڕێكلامە، چونكە ئەو وتارانە هەندێجار شێوازێكی ڕیپۆرتاژی وەردەگرێت، یاخود لەبارەی كۆمپانیایەك ڕێكلام دەكات یان بەرهەمەكانی ئەو كۆمپانیانەیە(٤٤). كەواتە ڕێكلامی نووسراو (ئێدیتكراو) لەڕێگای نووسینەوە ئەنجامدەدرێت، لەڕۆژنامەكان لاپەڕەیەكی تایبەت بۆ ڕێكلامی ئێدیتكراو تەرخاندەكرێت، كە بەزۆری لاپەڕە (١٠)یە و لەهەموو ژمارەكانی ڕۆژنامەكە لاپەڕەكە بەناونیشانی: (ئاگادارییەكان) پۆلینكراوە و لەم لاپەڕەیەدا ڕێكلامی نووسراو چ بەشێوەی وتار یان بەشێوەی ئاگاداری یان بەرنامە یان نرخەكانی بازار و ژمارەی تەلەفۆنەكان بەگشتی بڵاودەكرێنەوە. بۆنموونە ڕێكلامێكی نووسراو بەناوی: (دەتوانین پرۆسەی هەڵبژاردن سەرخەین)(٤٥)، بۆ هاندانی خەڵك بەرەو پرۆسەی هەڵبژاردن هەنگاو بنێت جۆرێكە لەڕێكلامی ئێدیتكراو. بەهەمانشێوە ڕێكلامێك بۆ بەرزكردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لای خەڵك بەناونیشانی: (كاتێك دەنگماندا عێراقمان هەڵبژارد)(٤٦)، لەمشێوە ڕێكلامە ئیدیتكراوانەیە. بۆنموونە ڕێكلامێكی ئێدیتكراو بەشێوەی ئاگاداری لەبارەی بەرنامە و نرخەكانی بازار و ژمارەی تەلەفۆنەكان بەگشتی لەڕۆژنامەی خەبات بڵاوكراوەتەوە:**




**وێنە ژمارە (١٠) : ڕێكلامی ئیدیتكراو**
**دەتوانین پڕۆسەی هەڵبژاردن سەرخەین**

برایانی بەڕێز: ئێستاكە عێراق گەیشتۆتە هەنگاوێكی گرنگ لەهەنگاوە مێژووییەكان ،چونكە ئێستا هەقی ئەوەمان هەیە كەوا ئوەی دەمانەوێ هەڵبژێرێین بۆسەركردایەتی كردنمان، بەبێ ئەوەی لەجەورو ستەمی ئەو تاوانبارانە بترسین كەبەهیچ شێوەیەك گرنگی بەعیراق و مللەتەكەی نادەن. هەروەها بۆی هەیە دیموكراسی لەهەموو شوێنێكدا سەركەوێ، تەنانەت لەئەفغانستانیشدا هەڵبژاردن ئەنجامدراو سەریش كەوت، چونكە هێزەكانی ئاسایشی ئەفغانی ترسی دەنگدەرانیان ڕەواندەوە و توانیان دەنگ بدەن، ئەمەو هێزەكانی ئاسایش ڕێگەیان بەپتر لە ٨ ملیۆن هاولاتی داكەوا بەئارەزووی خۆیان دەنگ بدەن و سەركردەی تازەی ولاتەكایان هەڵبژێرن وشكستیان بە دوژمنانی ئازادی هێنا، بەهۆی ئەو هاوولاتیانەی كەئامادەبوون و بەیەكەوە چراكتیزەی ئازادیان كرد، نەك لەڕێگای شەرو كوشتارەوە هەروەها ئەم ترس و تۆقاندنە پاشگەزیان ناكاتەوە لە چاككردنی و بەرەوپێشبردنی سیستەمی ژیانیان، كەئەمە لەئەفغانستاندا جێبەجێ بووبێ كە یەكەمین جارە بەكردار هلبژاردنی ئازادی ئەنجام دەدەن. بۆیە هیچ دوو دلنیم لەوەی كەوائێمەش دەتوانین پڕۆسەی هەڵبژاردن بەئەنجام بگەیەنین ،ڕێگا نەدەن كەوا ترس و تۆقاندن كارتان تێ بكاو خۆتان بشارنەوە پێوستە لەسەرەتا لەسەرپێ بوەستن وئازایەتی خۆتان بنوێنن، بەمەش ئەوانەی كەوا نایانەوی عێراقێكی ئاوەدان ببینن بۆیان روون دەبێتەوە عێراقیەكان دەستەوەستان نابن.

**وێنە ژمارە (١١) : ڕێكلامی ئیدیتكراو**
**كاتێك دەنگماندا ئێراقمان هەڵبژارد**

ئێراقییەكان لێدانێكی كوشندەیان ئاراستەی قین لەدڵ و بێ ویژدانەكانی دوژمنی ئێراق كرد، كاتێك بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا كرد، بەڵێ لێدانێكی كوشندەبوو بۆ ئەوانەی هەوالی كوشتنی ئومێد و لەبەینبردنی ماف دروستكردنی ئێراقێكی ئازادو دیموكراتی دەدەن، خەونی تیرۆریست و گرووپە چەكدارییەكانیان هەرەس پێهێناو ئاسانترین و كاریگەرترین چارەسەریان دەست نیشان كرد، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەپۆلەكانی توندوتیژی، كە بەنیازن هەموو شتێكی جوانی ولات و تەواوی ماڵەكانی نیشتمانمان بگرێتەوە، ئێراقیەكان بڕیاریندا كە بچن دەنگ بدەن لەرۆژی دەنگدان، ئێراقییەكان بێباك بوون لە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل و كاری دكەی تێكدەرانە، ڕۆژی هەڵبژاردن بەرۆژێكی مێژوویی دەژمێردرێت و بەدرێژایی مێژووی داهاتوودا بەوەرچەرخانێكی گەورە دادەندرێ، كاتێك ئێراقییەكان تەوقی ترس و بێ دنگ و تۆقاندنیان شكاند، كە ڕژێمی سەدام بەسەر ئێراقییەكانیدا بۆ دەیان ساڵ سەپاندبووی، هەڵبژاردنەكان ڕاگەیاندنێكی ئاشكرای خواستەكانمان بوو بۆ پێكەوەنانی كۆمەڵگایەكی دروست ساغڵەم، كە لەسەر بنەمای یەكسانی و مومارەسەكردنی ئازادییەكان و ڕێزلێنان تێدا بەرجەستە بێت. دەنگدانەكان ئەوپەڕی بوێری و وێنایەكی ڕاستەقینەی ئێراقییەكانی بەجیهان نیشاندا، سەرباری هەرەشە و چاروسووركدنەوەكان دەنگ بدرێت، بێگومان سووربوونی هاوولاتیان دەگەیەنێ، بۆ دابینكردنی پاشەرۆژێكی پڕ لەهیواو ئاوات بۆ مندالەكانمنا، لابردنی تەمومژی هەور ڕەشی ئاسمانی ولات و خەونە لەمێژینیەكان پێوەی چرۆ دەكەن، لەبەرامبەردا شەمشەمە كوێرەكانی تاریكی خەونەكانیان لە گۆڕ دەندرێ و شەرمەزار دەبن، بەڵێ لە دنگدانەكان دەنگمان بەكەسێك یا لیستێك نەدا، بەڵكو بە ئێراقماندا، سەرباری ئەوەی ناوەكان زۆر بوون، بەلام ئێراقمان هەڵبژارد، دەنگی ڕەوا بەسەر ترس و تیرۆر سەركەوت، كە كۆمەڵێك لەكەسانی دڵ ڕەش پێوەی هەلدەستن، ئێراقییەكان زەنگی ئازادی و سەركەوتنیان لێداو پاراستن و یەكریزی ولاتیان بەسەر تیرۆریستان سەپاند، كۆتەكانی ئاشتی بەئاسمانی ئێراق هەڵبفرێت، ئەوانەی پێیان باش بوو كە بەشداری لەدنگدان نەكەن، ئەوا تیرۆریستان سەپاند، كۆترەكانی ئاشتی بەئاسمانی ئێراق هەڵبفرێت، ئەوانەی پێیان باش بوو كە بەشداری لەدەنگدان نەكەن، ئەوا بێگومان لایەنگری و دیلی ترس و بێدەنگی بوون و خۆیان بێبەش كرد، لەهەلی دروستكردنی دوا رۆژێكی باشتر، كە نەوەكانی داهاتوو هەر باسی لێوەدەكەن.

**٣/٣-٣- ڕێكلامی پانتایی ( Display Advertisement):**

ئەمجۆرە ڕێكلامانەیە لەسەر شێوەی دیزاینێكی شێوەیی دەستنیشان دەكرێت، كە ڕێكلامە سنووردارەكە بەپێی سانتیمەتر یان بەشێوەی ستوونی دادەنرێت، هەندێجاریش لەگەڵ بابەتە نووسراوەكان دادەنرێت بۆ ئەوەی خوێنەر سەیریان بكات لەكاتی خوێندنەوەی بابەتەكەیدا، ڕێكلامەكان جۆری بازرگانییە یاخود ڕێكلامێكە بۆ بەهێزكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بەكاردێت(٤٧). كەدەبێتە دوو جۆر: ڕێكلامی گەڕانەوەسەر وڕێكلامی ئارەزوو خواستن(٤٨). واتە ڕێكلامی پانتایی ئەو ڕێكلامانەی كەبەپێی پانتایی سانتیمەترەوە یان شێوەی ستوونی دەستنیشان دەكرێت، بەهۆی تەرخانكردنی پانتایەكی دیاركراو لەنێو لاپەڕەكانی ڕۆژنامەكە، كە بەپێوەری (سم) دیاردەكرێت. ئەویش دوو جۆری هەیە:

**٣/٣-٣-١- ڕێكلامی ئارەزوو و وروژێنەر:** ئەمجۆرە ڕێكلامانە بەشێوەی نووسینەوە دەخرێنەروو كەپانتاییەكی دیاركراوی لاپەڕەی ڕۆژنامەكە دەگرێتەوە، ئامانجی سەرەكی بیرخستنەوەی خەڵك لەمەترسییەكان یان بەئاگاهێنانی جەماوەر لەمەسەلەیەكی گرنگ یان وروژاندنی هەستیان یان هاندانیان بۆ كارێك، بۆ نموونە لەڕێكلامێكدا بەناونیشانی: (هەستكردن بەهاوولاتیبوون)(٤٩)، نووسەر لەمەترسییەكانی توندوتیژی وتاوانی تیرۆرستان لە ولاتەكەیان هوشداریدەدات. ڕێكلامەكەش بەهەمان مەبەستی وریاكردنەوە خراوەتەڕوو، وەك لەناونیشانەكە دیارە: (تیرۆریستە ترسنۆكەكان نامانترسێنن)(٥٠).

**وێنە ژمارە (١٢): ڕێکلامی ئارەزوو وروژێنەر**
**هەستکردن بەهاوولاَتی بوون**

زۆر گوترا لەسەر ئالۆزبوونی باری ئاسایش لەسەر دۆزینەوەی میکانیزمیچکی کارا بۆ بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی و تاوان و ئەوانەی لە پێشەوەی تاوانەکاندان، سەیرەکەشی لەوەدایە کەمن ئەوانەی دەرکیان بە گرنگی ئەوەکرد کاتێك هاوولاَتییەکی ئاسایی چارەسەری تاکەکەسی پێشنیار دەکات کە رەنگە هاوکاریی پۆلیس بکات بۆ چاکردنی رەوشی ئەمنی، لێرەدا ئێمە گریمانەی زۆرناکەین وە داوای ئیجرائاتی توندیش ناکەین، کە لەدەرەوەی خواستەکانیەتی، بەلاَم زۆرباش دەزانین، بەدی هێنان خواستێکی لەم چەشنە لەدەرەوەی توانای هاوولاَتیاندا، بەلاَم هەستی راستەقینە، هاوولاَتی بوونمان وامان لێدەکات کە دڵسۆزبین، بۆ نیشتمانەکەمان، ئەو نیشتمانەی کە لەئامێزی خۆی گرتین لەمنداڵیەوە تا گەورەبوون لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا بەئامانجی بنبڕکردنی توندوتیژی پێویستە هاوولاَتی هاوکاری هێزەکانی پۆلیس بکات، بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر دەستەبەربکەین هەرکاتێك هاوولاَتی جموجۆڵێکی گومانلێکراوی بینی پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکان ئاگاداربکاتەوە تاکو خەڵکی بێ تاوان لە ئاکامی پلانی ئەو کەسانە زیان بە کۆمەڵ نەگات. کە دوژمنی ئێراق ئەنجامی دەدەن. پێویستە هاوکاربین نەك هەمیشە گلەیی لە هێزەکانی ناوەخۆ بکەین، پێویستە بەشداربین لە رووبەڕووبوونەوەی دەست درێژکارانی سەر دەسەلاَت، تاکە رێگای نەهێشتنی تاوان و توندوتیژی ئەوەیە ئاگاداری هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بکەینەوە، ئەو تیرۆریستانەی ئەمڕۆ لە هەندێ لەشارەکان ئەنجامی دەدەن، بەئامانجی راگرتنی رەوڕەوەی پێشکەوتنی ولاَت بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتی کە تیایدا هەر لە زاخۆ تا فاو بەمافەکانیان شادبن، ئاگادار نەکردنەوەی هێزەکانی ناوەخۆ لەسەر ئەو تاوانبارانەو چاوپۆشین لێیان هانیان دەدات کە درێژە بە تاوانەکانیان بدەن لە دژی ئافرەت و منداڵانی ئێرق، دەستگیرکردنی تیرۆریستان خەندەی سەرلێوی منداڵان و دایکانیان دەگێڕێتەوە، ژیانێکی ترو بۆ دەستەبەر دەکات.

**وێنە ژمارە (١٣) : ڕێکلامی ئارەزوو و وروژێنەر**
**تیرۆریستە ترسنۆکەکان نامانترسێنن**

تیرۆریستە ترۆسنۆك و بوودەڵەکان کردەیەکی تریرۆیستی نامەردانەیان لە دژی ماڵانی خوا ئەنجامدا، کاتێك حوسێنیەی "ئەلتەف" یان کردە ئامانجی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی بەمین ڕێژکراو لە گەڕەکی "رسالە" کە لە ئاکامدا زیانێکی زۆری گیان و ماڵی کەوتەوە، ئەم کردە ترسنۆکانەیە کە تەواوی گەلانی ئێراق مەحکوم و ریسوای دەکەن، مەبەستی تیرۆیستانیش ئەنجامدانی هەڵمەتێکی گومانلێکراوانەیە بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی لەنێوان موسڵمانانی ئێراق، کەلاتی ئێراق لە بەرامبەر کردەوەی ئەو تیرۆریستیە ترسنۆکانە بە ئاگاهاتن و لە پیلان و نەخشەی ئەوانە گەیشتوون. ئەمڕۆ دەنگ بەرز دەبێتەوە لە بەرامبەر هەڵوێست و رەفتاری تێکدەرانەی تیرۆریستان، واخەریکە رای گشتی ئێراق لە بەرامبەریاندا هاوهەڵوێست دەبێت. شاراوەش نییە ئەو تیرۆریستە ترسنۆکانە ئەو کارانە ئەنجام دەدەن بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان گەلانی ئێراق. سەیرەکەش لەوەدایە هەندێ لەو کردەوانە بەناوی "مقاومە" ئەنجام دەدرێت، هەندێ کاریش بەر لە هەڵبژاردنەکان و دوای هەڵبژاردنەکانیش جێبەجێکران لەبەرامبەردا گەلانی ئێراق تووشی دوو بەرەکی نەبوون. "مقاومە"ش ئەگەر لەسەر بنەماو ئامانجێکی راست و دروست بێت ئەوا گەلانی ئێراق ناکاتە ئامانجی خۆی بەتایبەتیش لە شوێنە پیرۆزەکان، لەسەر دیواری ئەو حوسەینیەی هەندێ پروباکەندەی هەڵبژاردنی لەسەر درابوو پێم وایە ئەوش توانج نییەو هەڵبژاردنەکانیش ئەنجام دراون و گەلانی ئێراق سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، کاتێك بەشداریان لە پرۆسەیەکی دیموکراسی کرد، بێگومان ئەم کارانە رای گشتی ئێراق سەرۆکنە دەکاو لە دژی دەوەستێ هەروەها دەسەلاَت بەحکوومەت دەدات، کە ئەم ترسنۆکانەی ویژدانی خۆیان فرۆشتووە بە پارەو پولی "حەرام" بێگومان دەدرێنە دادگاو حکوومەتیش لە ئاستیان نەرمی نانوێنێ هەرگیز ڕێگە بەو خائینانە نادات سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

**٣/٣-٣-٢- ڕێکلامی ئاگاداری:** ئەمجۆرە ڕێکلامانە زیاتر بەپێی پانتاییەکی دیارکراو کە بۆی تەرخاندەکرێت بلاَودەکرێنەوە، ئەویش لاپەرەیەکی تایبەتیان بۆ دیاردەکرێت، لەرۆژنامەی خەباتدا لەهەموو ژمارەکانی لاپەرەی (١٠ - ١٢) ئەمجۆرە ڕێکلامانە هەموو جۆرە ئاگادارییەك بلاَودەکرێتەوە. زیاتر ئاگادارییەکانی: (وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە حکومی و ناحکومییەکان) دەگرێتەوە، کە بابەتی جۆراوجۆر بەشێوەی نوسین بەپێی پانتاییە دیارکراوەکان دەخرێنەروو. هەندێجار بەشێوەی لاپەڕەیەکی تایبەت بۆ ئاگادارییانە پۆلیندەکرێت، هەندێجاریش وەك پاشکۆیەك لەگەڵ رۆژنامەکە بلاَودەکرێنەوە.

وێنە ژمارە (١٤): ڕێکلامی ئاگادارییەکان



وێنە ژمارە (١٥): ڕێکلامی ئاگاداری



**٣/٣-٤- ڕێکلامی کۆکراوە (Gathering reklam):**

ئەوجۆرە ڕێکلامانە دەگرێتەوە کەبەپێی پلانی دانراوی کەسی راگەیینەر بلاَوناکرێتەوە، بەڵکو سیستەمی بەڕێوەبردنی رۆژنامەکە بۆنەکەی بۆ دەدۆزێتەوە بۆ بلاَوکردنەوە و دارِشتنی پلانەکەی ودانانی بیرۆکەی بلاَوکردنەوەی(٥١). لەرێگای گەڕان بەدوای بابەتە پەیوەندیدارەکان بۆ بلاَوکردنەوەیان پێکەوە، کە چەند شێوەیەك

لەخۆدەگرێت: (لاپەڕەی تایبەت، پاشکۆکان، ژمارە تایبەتییەکان، هەڵمەتە هاوبەشەکان)(٥٢). بێگومان سەرکەوتنی ڕێکلام لەسەر ڕادەی کاریگەریی ئەوجۆرە ڕێکلامانە ڕادەوەستێت، ئەمەش پێویستی بەداهێنانی زۆر گەورە هەیە، لەڕێگای پێشکەشکردنی ڕێکلامەکە بەشێوەیەکی هونەری و کاریگەر بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ بابەتە ڕاگەیێنەرەکە و پێقایلبوونی، ئەمەش پێویستی بەبیرۆکەیەکی نوێ و داهێنراو هەیە، پەیوەستە بە(ئامانجی ڕێکلام، جەماوەری ئاراستەکراو، پەیمانی داهێنان، پشتگیری داواکاری، شێوازی داهێنان). جۆرەکانی دەق یان نامەی ڕێکلامیش بۆ: (نامەی وەسفی، نامەی چیرۆکی، نامەی بینراو، نامەی سووک، نامەی گفتوگۆ)، دابەشدەکرێت.

کەواتە ڕێکلامە کۆکراوەکان ئەمجۆرە ڕێکلامانە کەسیستەمی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە بۆنەکەی بۆ دەدۆزێتەوە و بڵاویدەکاتەوە، ئەویش لەڕێگای (لاپەڕەیەکی تایبەت، پاشکۆکان، ژمارە تایبەتییەکان، هەڵمەتە هاوبەشەکان)، ئەنجامی دەدات. ئەم ڕێکلامانەش لەنێو ڕۆژنامەکاندا زۆر بەرچاودەکەوێت، هەندێجار لاپەڕەیەکی تایبەت بۆ ڕێکلام تەرخاندەکرێت وەك پاشکۆی ئاگادارییەکان، هەندێجاریش وەك پاشکۆ بەجیا لەگەڵ ڕۆژنامەکە بڵاودەکرێتەوە، یاخود ژمارەیەکی تایبەت بەبۆنەکە دەردەکرێت تەنها باس و گفتوگۆ و بڵاوکردنەوەی بابەت لەسەر ئەو بۆنەیە تیایدا دەکرێت. بۆنموونە بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی بارزانی نەمر ژمارەیەکی تایبەت بۆ باسی ژیان و خەباتی ئەو سەرکردە مەزنە خراوەتەڕوو(٥٣). یاخود بۆنەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەهەمانشێوە ژمارەیەکی تایبەت تەرخانکراوە(٥٤). یان بۆنەی ناخۆشی و کارەساتی دڵتەزێن وەك یادی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید(٥٥). یان بۆنەی (١)ی شوباتی خوێناوی(٥٦) (٥٧). هەندێجاریش بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەمان پانتایی تایبەت بەمبۆنەیە لەڕۆژنامەکاندا تەرخاندەکرێت(٥٨).

وێنە ژمارە (١٦): ڕێکلامی کۆکراو (ژمارەی تایبەت بەبۆنەی لەدایکبوونی بارزانی)



وێنە ژمارە (١٧): ڕێکلامی کۆکراو (بۆنەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان)




وێنە ژمارە (١٨): ڕێکلامی کۆکراو (بۆنەی تایبەت بەکیمیا بارانی شاری هەڵەبجە)




وێنە ژمارە (١٩): ڕێکلامی کۆکراو (بۆنەی کارەساتی ١ی شوبات)




وێنە ژمارە (٢٠): ڕێکلامی کۆکراو (هەڵمەتی هەڵبژاردن)



## ٤- پێوەرەکانی دابەشکردنی ڕێکلام:

ڕێکلام بەپێی چەند پێوەرێکی جیاوازەوە دابەش دەکرێت بۆنموونە :

٤/١- لەرووی پیشەی بازارگەیی ڕێکلام : ئەمجۆرە ڕێکلامانە بۆ پێنج جۆری جیاواز دابەشدەکرێن، لەسەر هەڵویستی کاڵا و بیر و خزمەتگوزارییەکەی داواکراو بۆ ڕێکلامکردنی بازاری دامەزراوە، وەك: (ڕێکلام-اعلانی فێرکاری، ڕێکلامی ڕێنمایی و هەواڵی، ڕێکلامی بیرهێنانەوە، ڕێکلامی ڕاگەیاندکاری، ڕێکلامی پێشبڕکێ)(٥٩).

٤/١-١- ڕێکلامی فێرکاری: ئەوجۆرە ڕێکلامانە دەگرێتەوە کە بەمەبەستی فێرکردن بلاّودەکرێنەوە، بۆنموونە: ڕۆژانە بابەتێك لەنێو ڕۆژنامەی خەبات، لەلاپەڕە ١٠ دا بەناوی (کابان) بلاّودەکرێتەوە، تیایدا ڕێنماییەکانی چۆنیەتی فێربوون ودروستکردنی خواردەمەنی جۆراوجۆر دەخاتەڕوو. بۆنموونە لەگۆشەیەکی کابان بابەتێك بەناوی: (کێکی بەمۆز)(٦٠)، تیایدا چۆنیەتی دروستکردنی کێکەکە دەخاتەڕوو.

وێنە ژمارە (٢١): ڕێکلامی فێرکاری

کێکی بەمۆز :

نیو کوب مۆزی وشك کراوەی وردکراو، نیو کوب شەکر، نیو زبدە، ٢ هێلکە، ١ کوب و نیو ئارد، نیو کوب شەربەتی مۆز ، ١ ملاکی شیوێ بێکن پاودەر نیو کوپ گوێزی وردکراو، ٣ مۆزی تەڕ، دورووست کردنی کێکی بەمۆز:

هێلکە و شەکرو زبدە لەگەڵ یەك تێکەڵ دەکەین دوایی پێکن پاوەدەری تێدەکەین ئێنجا مۆزە وشك کراوەکە و گوێزەکە و شەربەتی مۆزەکە و ئاردەکە تێکەڵ دەکەین هەر تێکی دەدەین و ئەو سێ مۆزە سپی دەکەین بە پانی لەناوەند پارچەی دەکەین ئینجا دیسان ئەو دوانەی لەناوەند بەدرێژی پارچە دەکەین ئینجا ئەو هەویرەی کە کردوومانە لەناو قاڵبی کێکی دادەنێین و ئەو مۆزە پارچە کراوە لەسەر هەویرەکە دادەنێینە سەرەوە و لەناو فرنی دادەنێین بۆ ماوەی (٢٠) دەقیقە ژێرەوە سوور دەکەینەوەو سەرەوە سووردەکەینەوە بۆ ماوەی (٧) دەقیقە و پێشکەش دەکرێت.

٤/١-٢- ڕێکلامی ڕێنمایی و هەواڵی: بۆنموونە ئەو هەموو ئاگادارییەی لە لاپەڕەی (١٠-١١-١٥-١٦) سەبارەت بە بەرنامەکانی (تەلەفزیۆن و رادیۆکان)، دەگرێتەوە، هەروەها کاتەکانی کردنەوەی دەرماخانەی ئێشکگر، کاتەکانی نوێژ، کەشوهەوا، ژمارەی تەلەفۆنە پێویستەکان، نرخی خواردەمەنی و نرخی دراو، تیایدا بلاّودەکرێتەوە(٦١).

وێنە ژمارە (٢٢): ڕێکلامی ڕێنمایی



٤/١-٣- ڕێکلامی پێشبرکێ: ئەو جۆرە ڕێکلامانە دەگرێتەوە کە بۆ مەبەستی رکابەری و پێشبرکی لەسەر بابەتێك یان کارێك یان پۆستێك، بلاّودەکرێتەوە. بۆنموونە: ئاگادارییەك بەناونیشانی: (لەبەرێوەبەرایەتی گشتی فرۆکەوانی شارستانی)(٦٢)، تیایدا هاتووە:

وێنە ژمارە (٢٣): ڕێکلامی پێشبرکێ

لەبەرێوەبەرایەتی گشتی فرۆکەوانی شارستانی

بۆ گشت هاوولاّتیانی خۆشەویستی کوردستان لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان ئەوانەی ئارەزووی کارکردنیان هەیە لەبواری فرۆکەوانی، بانگهێشت دەکرێن بۆ رەکەبەری لە دامەزراندنیان لەفرۆکەوانی نێودەوڵەتی ئەربیل بەم مەرجانەی خوارەوە:

٤-١/٤- ڕێكلامی بیرهێنانەوە: هەندێ بابەتی تراژیدی و كارەساتی دڵتەزین لەخۆ دەگرێت، بۆنموونە ڕێكلامیك بۆ یادكردنەوەی ئەنفالكردنی كورد بەناوی (ئەنفال - ANFAL )(٦٣)، بۆ خستنەوەیادی كارەساتی ئەنفال دژ بەگەلی كورد.

وێنە ژمارە (24): ڕێكلامی بیرهێنانەوە



٢/٤- لەرووی دەروازەكانی دابەشكردن : ئەمەش بەهەمانشێوە بۆ پێنج جۆری جیاواز دابەشدەبێت، وەك: (ڕێكلامی ئەهلی یان گشتی، ڕێكلامی لۆكالی یان دابەشكراوەیی، ڕێكلامی پیشەسازی یان هونەری، ڕێكلامی بازرگانی، ڕێكلامی پیشەیی)(٦٤).

١-٢/٤- ڕێكلامی گشتی: هەموو جۆرە ڕێكلامێك لەخۆدەگرێت، بۆنموونە: ڕێكلامێك بۆ كۆمپانیای كۆرەك تیلیكۆم بۆ فرۆشتنی سیم كارت و كارتی موبایل(٦٥)، لەدوایین لاپەڕە بلاوكردۆتەوە.

وێنە ژمارە (٢٥): ڕێكلامی گشتی (كۆرەك تیلیكوم)




٢-٢/٤- ڕێكلامی پیشەسازی: ئەوجۆرە ڕێكلامانە دەگرێتەوە كەهەموو جۆرە كەلوپەلێكی پیشەسازی دروستكراو یان هاوردەكراو دەربخات، بۆنموونە: ڕێكلامێك بۆ كۆمپانیای خانەی ئەلرەیانی بازرگانی بۆ هەموو جۆرە كەلوپەلی (LG)(٦٦)، بلاوكراوەتەوە.

وێنە ژمارە (٢٦): ڕێكلامی پیشەسازی



**٤/٢-٣- ڕێكلامی هونەری** : ئەوجۆرە ڕێكلامانە دەگرێتەوە كە تیایدا بانگەشە بۆ بابەتی هونەری دەكرێت، گشت بابەتەكانی هونەری لەخۆدەگرێت: (سینەما، شانۆگەریی، پێشانگا، كۆڕو سیمیناری ڕۆشنبیری، گۆرانی هەمەڕەنگ). بۆنموونە ڕێكلامێك بەناوی: (فیستڤاڵێكی شانۆیی لەسلێمانیدا)(٦٧)، لەدوایین لاپەڕەدا بڵاوكراوەتەوە. هەروەها نموونەیەكیتر بەناونیشانی: (كۆنفرانسی موزیك و گۆرانی كوردی لەهەولێر)(٦٨). هەندێجار تابلۆیەكی هونەری لەدوایین لاپەڕەی ڕۆژنامەكەدا بڵاودەكرێتەوە، وەك ڕێكلام كردنێكی هونەری، لەنێو ڕۆژنامەكاندا بەدیدەكرێت. بۆنموونە چەند تابلۆییەكی وێنەكێشی شێوەكاری جیهانی و لۆكاڵی لەدوا لاپەڕەكان بڵاودەكرێنەوە:

**فیستڤاڵێكی شانۆیی لەسلێمانیدا**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی هونەر لەشاری سلێمانی ڕۆژی ٢٣ی ئەم مانگە فیستیڤاڵێكی شانۆیی لەهۆڵی كۆمەڵ و سەنتەری گەنجان لەشاری سلێمانی دەگێڕێت، كە تیایدا چەند تیپی شانۆیی لەشار و شارۆچكەكانی كوردستان بەشداری تێدا دەكەن.

وێنە ژمارە (٢٧): ڕێكلامی هونەری

**كۆنفرانسی موزیك و گۆڕانی كوردی لەهەولێر**

بەچاودێری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەكاتژمێری ١٠ی سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٨ كۆنفرانسێك بۆ مۆزیك و گۆڕانی كوردی دەربارەی دانانی یاسایەكی تایبەت بە هونەرمەندان لەهۆڵی شیراتۆن لەهەولێر ساز دەدات، كە ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت. بەڕێز هەڵكەوت زاهیر راوێژكاری سەرۆكی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لەم بارەیەوە بەخەباتی ڕاگەیاند: كە ئەم كۆنفرانسە بە پشتگیری ڕاستەوخۆی بەڕێز سەرۆكی حكوومەت ئەنجام دەدرێت و هەوڵمان داوە كۆمەڵێ لە هونەرمەندانی كوردستان لەم كۆنفرانسەدا كۆبكەینەوە بۆ دانانی یاسایەكی تایبەت بە پاراستنی مافی هونەرمەندانی كورد لەڕووی دەنگ و ڕەنگەوە، بۆ نەهێشتنی گەلێك دیاردەی نایاسایی وەكو (كۆپی ڕایت) و لەپێناو پاراستنی مافی گۆڕانیبێژ و ئاوازدانەوە و مۆسیقاژەن و شاعیر و ئەوانی تر. لەم كۆنفرانسەدا جگە لە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری و نوێنەری پەرلەمانی كوردستان كۆمەڵێك لە هونەرمەندانی كوردستان بەشداری دەكەن، لەوانە ئەنوەر قەرەداغی، ئەحمەد سالار، نەجات ئەمین، لەیلا فەریقی، دیاری قەرەداغی، هێرش عومەر، ڕەزا، وریا ئەحمەد، سەید ئەحمەد ڕواندزی، ئامانج غازی، محمد زازا، چەتۆ، نەورۆز، هەڵبەست سەلاح، برزۆ. ماهیر محەمەد ئەمین، دلێر حوسێن، هێمن حوسێن، حوسێن شەریفی، زاهیر بریفكانی، مامۆستا جەمال، عەبدولرەحمان زێباری، عیرفان زەنگەنە. شایانی باسە ئەمە یەكەمین كۆنفرانسە لەمێژووی كور بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندانی كورد.

وێنە ژمارە (٢٨): تابلۆی هونەرمەند ئیدوارد مۆنیە



وێنە ژمارە (٢٩): تابلۆی (ئازادی) هونەرمەند دیلا كروا



**٤/٢-٤- ڕێكلامی بازرگانی**: ئەوجۆرە ڕێكلامانەیە كەهەموو بابەتێكی بازاری و گەشتوگوزاری لەخۆدەگرێت، ڕۆژنامە كوردییەكان لەدوایین لاپەڕەیاندا ئەمجۆرە ڕێكلامانە بڵاودەكەنەوە، چونكە یەكەم و دوایین لاپەڕە بەرەنگاورنگ دەردەچێت، بۆیە ئەمە بۆ ڕێكلام گونجاوترە بۆئەوەی زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕابكێشێت. بۆنموونە ڕێكلامێك لەلایەن كۆمپانیای شەبەق بۆ گواستنەوە و گەشتوگوزاری ئاسمانی لەدوایین لاپەڕەی ڕۆژنامەكە بڵاوكراوەتەوە(٦٩). یاخود ڕێكلامێك بۆ ئامێری مۆبایل نۆكیا بەشێوەی ڕەنگاورەنگ لەهەمان دوایین لاپەڕەی ڕۆژنامەكە بڵاوكراوەتەوە(٧٠).

وێنە ژمارە (٣٠): ڕێکلامی بازرگانی




وێنە ژمارە (٣١): ڕێکلامی بازرگانی




**٣/٤- لەرووی شێوەییەوە :**

بەهۆی پەیوەندیی نێوان بابەتە (نووسراوەکان- ئێدیتکراوەکان)، ڕێکلامەکان لەنێو لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕۆژنامەگەری بەدیدەکرێت(٧١). جۆرەکانی شێوازە بەکارهاتووەکانی دەرهێنانی ڕێکلامیش لەرووی شێوەییەوە بەمشێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت(٧٢):

**٣/٤-١- شێوازی نیو پەرەمیدی:** ڕێکلامەکان لەیەکلا ڕێکدەخرێت لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەڕوات، بۆنموونە لەدوایین لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا چەند ڕێکلامێك بەناوی: (پرۆژەی شاری خەونەکان لەهەولێری پایتەخت)(٧٣)، پاشان لەسەرەوە (ئاگاداری)یەك لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەڕوات و لەیەك لای ڕۆژنامەکە بلاوكراوەتەوە، کە ئەویش بەشێوەی نیو پەرەمێدی دەردەکەوێت.

وێنە ژمارە (٣٢): ڕێکلامی شێوازی نیو پەرەمیدی





**٣/٤-٢- شێوازی نیوەیی پەرەمێدی:** لەخوارەوەی لاپەڕەکەی لەهەردوولا لەیەك کاتدا دادەنرێت، ئەمشێوازە لەکاتی زۆربوونی ڕێکلامەکان بەکاردێت. بۆنموونە ڕێکلامێك لەبارەی کۆنگرەی شێرپەنجەی مەمك(٧٤)، بەمشێوەیە خراوەتەڕوو:

وێنە ژمارە (٣٣): ڕێکلامی نیوەی پەرەمێدی






٣/٤-٣- شێوازی نیو پەرەمیدی چوارگۆشەیی دوولایەنی: لەکاتی بوونی ڕێکلامی یەکسان بەکاردێت کە ناکرێت پلەکاری بێت. بۆنموونە لەدوایین لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا ئەمشێوە ڕێکلامانە بلاوکراوەتەوە، لەیەك لا لەخوارەوە بۆ سەرەوە نیو پەرەمیدی ڕێکلامی دانراوە، و لەلایەکی دیکەشدا لەسەرەوە ڕێکلامێکی ئیدیتکراوی بلاوکراوەتەوە(٧٥). بەمشێوەیە:



وێنە ژمارە (٣٤): ڕێکلامی شێوازی نیو پەرەمیدی چوارگۆشەیی دوولایەنی



٣/٤-٤- شێوازی چوارگۆشەی دوولایەنی: لەکاتی بوونی ڕێکلامێکی گەورە بەکاردێت. بۆنموونە لەدوایین لاپەڕەی ڕۆژنامەی خەباتدا ئەمجۆرە ڕێکلامانەی بلاوکراوەتەوە، لەهەر دوولا شێوەی ستوونی و شێوازی چوارگۆشەیی وەرگرتووە(٧٦). وەك ڕێکلامێك لەکۆمپانیایەکی بیانی و ڕێکلامێکی هونەری.

وێنە ژمارە (٣٥): ڕێکلامی شێوازی چوارگۆشەی دوولایەنی






٣/٤-٥- شێوازی چوارگۆشە دوولایەنەکان (یەکلاکێشە): ئەمانە یەك لەسەر یەکتری لەهەردوولا ڕێکدەخرێت لەنێوانیاندا دەقەکە دادەنرێت. بۆنموونە لەدوایین لاپەڕەکان دوو ڕێکلامی چوارگۆشە (لاکێشە) لەسەرەوە ولەخوارەوە لەسەر یەکتری بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی بلاوکراونەتەوە(٧٧).

وێنە ژمارە (٣٦): ڕێکلامی شێوازی چوارگۆشە دوولایەنەکان (لاکێشە)





٣/٤-٦- شێوازی هەرەمەکی و ئازاد: ئەمجۆرە ڕێکلامانە بەشێوەیەکی ئازاد بەبێ ڕێکخستن دادەنرێن، کە زۆری و جۆراوجۆری ڕێکلامەکان لەنێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەگەری دەبێتە هۆی زەحمەتی دۆزینەوەی شێوازێکی ڕێکخراو بۆ ئەم ڕێکلامانە. بۆیە شێوەیەکی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەکی تێکەڵ لەهەموو لایەنەکانی لاپەڕەکە لەسەرەوە و خوارەوە دادەنرێت، بۆنموونە لەدوایین لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا کۆمەڵە ڕێکلامی هونەری و ئیدیتکراو و گشتی بەشێوەیەکی هەرەمەکی بلاوکراونەتەوە(٧٨).

وێنە ژمارە (٣٧): ڕێکلامی شێوازی هەرەمەکی ئازاد



٥- شێواز و جۆری پروباکەندە:

٥/١- هەندێ شێوەی جیاوازیش بۆ پروباکەندە هەیە، وەك:

٥/١-١- پروباکەندەی ئاشکرایی: کەجەماوەر ئاگای لە کاریگەریی پروباکەندەکە هەیە، وەك ئەوەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەبینرێت.

٥/١-٢- پروباکەندەی شاراوە: ئەوجۆرە پروباکەندەیە کە جەماوەرەکەی بێ ئاگایە لە ڕادەی کاریگەرییەکەی.

٥/١-٣- پروباکەندە سەرەتا بەئاشکرا دەبێت و پاشان نهێنی دەبێت:

سەبارەت بەجۆرەکانی پروباکەندەش بریتین لەسێ بەش(٧٩) :

٥/٢- شێوازەکانی پرویاکەندە:

٥/٢-١- پروباکەندەی سپی: ئەو پروباکەندە یان چالاکییە ئاشکرایەی، کە لەپێناو ئامانجێکی دیارکراودا ئەنجامدەدرێت، وەك ئەوەی لەنێو ئامرازەکانی (ڕۆژنامەگەری، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) دەبینرێت.

٥/٢-٢- پروباکەندەی ڕەش: پروباکەندە شاردراوەیە تایبەتە بەئاسایشی نهێنی.

٥/٢-٣- پروباکەندەی خۆڵەمێشی: ئەو پروباکەندەیە کە سەرچاوەکەی ترس نیە بەڵام لەناوەڕۆکەوە ئامانجێکی تایبەتی هەڵدەگرێت، بۆنموونە وێسگەیەکی پەخشی ڕادیۆ لەئەورووپا بۆ پۆچەڵکردنەوەی پروباکەندەی پارتی شیوعیەت لەو وڵاتدا دامەزراوە.

٥/٢-٤- لەرووی سایکۆلۆژیەتی عەسکەرییەوە پروباکەندە بەپێی کاتی بەکارهێنانی بۆ جەنگ (٨٠) بۆ دوو جۆر دابەشدەکرێت:

٥/٢-٤-١: پروباکەندەی تەکتیکی: کە بۆ ئامانجی پشتگیریکردن لەکارەکانی تەکتیکی بۆ جیبەجێکردنی ئامانجی نزیك و هەنوکەیی.

٥/٢-٤-٢:پروباکەندەی ستراتیژی: لەپشتگیری کارەکانی ستراتیژیدا بەکاردێت، کە ئامانجەکە دوور و بۆ چەند مانگێك درێژەدەکێشێت.

هەروەها بۆ جۆری جاڕدان (ئاگاداری – اعلانات) هەمانشێوەی ڕێکلام دابەشکردنی هاوشێوەیی هەیە بۆنموونە: ((جاڕدانی پۆلینکراو (مبوب)، جاڕدانی بەڵگەیی (الادلە)، جاڕدانی کۆمەڵگا (المجتمع)، جاڕدانی مردووان (الوفیات))). ئەمجۆرە دابەشکردنە بۆ جۆری جاڕدانی جێگیر ناودەبرێت(٨١)، چونکە تایبەتمەندیەکی سەرەکی بوونی ڕۆژنامەو کەسایەتی ڕۆژنامەکە پێکدەهێنێت(٨٢). هەندێکیتر بەشێوەیەکیتر جاڕدان دابەشدەکاتەوە، بۆ: (جاڕدانی ئارەزوو و ورووژێنەر، و جاڕدانی ئاگاداری)(٨٣)، پێیدەگووترێت جاڕدانی پانتایی، واتە تەرخانکردنی پانتایی دیارکراو لەنێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە، بە (سم) دیاردەکرێت(٨٤). هەندێکیتر جاڕدان بەپێی جەماوەرەکەی دابەشدەکەن، واتە ئەو خەڵکەی کە جاڕدانەکەیان ئاراستەدەکرێت، بەمشێوەیە: (جاڕدانی گشتی، جاڕدانی ناوچەیی، جاڕدانی پیشەسازی، جاڕدانی پیشەیی، جاڕدانی بازرگانی)(٨٥). لەرووی دەرهێنانیش جاڕدان چەند سەرنجراکێش و جوان بێت، ئەوەندە سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، کە ڕەنگ و وێنە و ناونیشانی دیار و گەورە و هەڵبژاردنی شێوەو جۆری پیتەکەی بۆ دەستنیشانبکرێت، کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی زیاتر دەبێت. هەروەها بەهۆی نموونە وەرگیراوەکانی ڕۆژنامەی خەبات

نێوان (٢٠٠٥-٢٠٠٦) جاڕدان لەپانتایی گشتی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە بەڕێژەی سەدا دە تا پانزە (١٠-١٥٪)ی لاپەڕەکانی گرتۆتەوە، شوێنەکەشی لەلاپەڕەی دوایی یان لەدوو لاپەڕەی دواییدا بۆی تەرخانکراوە. وەك لەم خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت :

ڕێژەی جاڕدان بەرامبەر بە بابەتەکانی تری ڕۆژنامەگەری

| ز | ڕێژەی جاڕدان لەڕۆژنامە | بابەتەکانی تری ڕۆژنامەگەریی |
|---|---|---|
| | ١٠-١٥٪ | ٨٥-٩٠٪ |

**٦- ئەدەبیاتی خستنەڕووی ڕیکلام:**

**١/٦- دەرهێنانی ڕیکلامە ڕۆژنامەگەرییەکان :**

ستراتیژیەتی داهێنانی ڕیکلامێکی دیارکراو پەیوەستە بەوەسفێکی هونەری ڕیکلامی، بەشێوەیەکی نەرم یان دراماتیکی یان پیشەیی بابەتەکە پێشکەشبکرێت، بۆئەوەی کەسی وەرگر بەئاسانی پەیامەکەی وەرگرێت، هەروەها شێوازی خستنەڕووی ریکلامەکە پێویستە هەندێك هارمۆنیەت و ئاوازی تێداهەبێت، چ لەبەکارهێنانی ڕەنگەکان یان وشەکان بەتایبەتی ناونیشان و کەرەسەی دیکەی ڕوونکردنەوە، بەتایبەتی لەپاش پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، زۆربەی ڕیکلامەکان جەخت لەسەر ئەو لایەنانە دەکەن کە فاکتەرە بەرچاوەکان بەرزبکەنەوە، بەتایبەتی گەورەکردنی فۆنتی ناونیشانەکان وئەو لایەنانەی کەپەیوەستە بەڕوونکردنەوە. واتە توخمە شێوەییەکانی پێکهێنانی ڕیکلام (Physical Features) کە بریتییە لە: (قەبارەی ڕیکلام، شوێنی ڕیکلام، ڕەنگە بەکارهاتووەکانی ڕیکلام)(٨٦). هەروەها بۆ داڕشتنی ڕیکلامیش پێویستە ڕەچاوی ئەمشێوەیەی خوارەوە بکرێت(٨٧):



وێنەی سێ گۆشە
هاندان بۆ هەڵسوکەوت
ورووژاندنی حەزکردن
ڕاستگۆیی
ورووژاندن بۆ بایەخپێدان
ئاگادارکردنەوە

ئەمەش لەڕێگای دوو هەنگاوی سەرەکی دێتەدی: (هەنگاوی داڕشتنی ناونیشان و هەنگاوی داڕشتنی ناوەڕۆکی پەیامی ڕیکلامەکە)(٨٨). ناونیشانەکەی کە کاراترین توخمی ڕیکلامە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، بەتەنیا دیزاین دەکرێت، بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ بابەتی ڕیکلامەکە(٨٩). پاشان دەقی ڕیکلامی دێت، کە بەتوخمی سەرەکی ڕیکلام دادەنرێت، کە لەڕێگایەوە بیرەکان دەگوازرێتەوە(٩٠). دیزاینی ڕیکلام ودەرهێنانی، کەبریتیە لەوێنەی نەخشەیەکی ئەندازیاری، دیزاینەر وێنەیەکی تەواو لەشێوەی ڕیکلامی کۆتایی پێشکەشدەکات، پێویستی بەبەرزکردنەوەی بابەتی ڕیکلامەکەیە و لەگەڵ بابەتەکانی دیکەدا تێکەڵاو نەبێت(٩١). ئەویش چەند شێوازێك لەخۆدەگرێتەوە، وەك: (نموونەی ئاسایی- Standard Layout: کە نموونەی هەرە باو و بەکارهاتووی ڕۆژنامەگەرییە)، نموونەی نووسراو – ئێدیتکراو – Editorial Layout: (کە بەشی تایبەتی دەقی ڕیکلامی دەگرێتەوە)، نموونەی پۆستەر- Poster Layout: (زیاتر لەسەر لایەنە هونەرییەکەی جەختدەکات)، نموونەی کاریکاتێر- Cartoon Layout: (تیایدا وێنەی کاریکاتێر بەکاردەهینرێت)، نموونەی وێنەی پێکەنیناوی-

Comic Strip Layout : تیایدا چەند وێنەیەکی ناپێکەنیناوی بەکاردێت، بەشێوەیەك ڕێکدەخرێت چیرۆکێکی پێکەنیناوی دروست بکات(٩٢).

٦/٢- دیزاینی ڕێکلام :

دانانی دیزاینی ڕێکلامەکەش پێویستە لەسەر چەند خاڵێك ڕێکبخرێت، ئەویش دیزاینی سەرەکی design، کە بریتییە لەئامانج وناونیشانی ڕێکلامەکە، پاشان ڕێکخستنی layout ناوەرۆکەکەی کەپەیامی ڕێکلامەکە دەگەیێنێت و بەشەکانی پێکهاتەی ڕێکلامەکە ڕێکدەخات. وەك: (ناونیشان، ودەقی ڕێکلامی و ئیمزای راگەیینەر)(٩٣). دیزاینی ناونیشانی ڕێکلام چەند جۆرێك لەخۆدەگرێت واتە لەرووی شێوە–فۆرم بۆ: (ناونیشانی سەرسورمان، ناونیشانی فەرمانی، ناونیشانی داواکراو (بەئارەزوو))، دابەشدەکرێت. هەروەها نووسینی ناوەرۆکی (دەقی) ڕێکلام، لەرێگای سێ توخمی گرنگ ئەنجامدەدەرێت، ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی ڕێکلامەکە دەخاتەڕوو: (پێشەکی، بیرۆکەی پەیامی ڕێکلامەکە دەخاتەڕوو، لەناونیشانی سەرەکی یان ناونیشانی لاوەکی دەرکەوتووە. واتە ناوەرۆکی ڕێکلام، ئەو پەیامەی راگەیینەر دەیەوێت بەوەرگر بگەیێنێت، لەگەڵ دەستنیشانکردنی سوودەکانی. کۆتایی پێهێنانی ڕێکلامەکەش، کە (دواکاری ڕێکلامەکە و ئەنجامی پەیامەکەی بەوەرگرەوە دەگەیێنێت). هەروەها پێویستە کۆمەڵە بنەمای سەرەکی بۆ ڕێکلامەکە رەچاوبکرێت کە کاریگەرتر دەکات، وەك: (هاوسەنگی (Balance)، گونجاوی (Proportion)، جولەیی چاو (Eye Movement)، دژەیەکتر (Contrast)، یەکبوون (Unity)، ساکاری، پێکهاتەیی، بەدوایەکدا هاتن(٩٤).

٦/٣- بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی :

بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی و وێنەی دەستی، بۆ دەستنیشانکردنی بیرۆکەی ڕێکلامەکە کارێکی هونەری و گرنگە بۆ ڕێکلامکردن، بۆئەوەی زیاتر کاریگەر و بەرچاوبێت، کە وێنەی (کالاکە هەمووی، یان کۆمەڵە وێنەیەکی کالاکە یان وێنەکەی لەکاتی بەکارهێنانی کالاکە)، بەکاردەهێنێت(٩٥). واتە پێویستە رۆڵ و گرنگی بەکارهێنانی وێنە لەنێو بابەتە ڕێکلامکراوەکاندا لەبیرنەکرێت، چونکە: (سەرنجراکێش و وروژێنەرتر دەبێت)(٩٦). وەك بەکارهێنانی وێنەی گیراو لەگەڵ پەیامی ڕێکلامەکە چونکە باشتر مەبەستەکەی دەگەیێنێت، وەرگریش باشتر لێی تێدەگات.

٦/٤- بەکارهێنانی ڕەنگ لەنێو ڕێکلامەکاندا :

بەکارهێنانی ڕەنگ لەگەڵ ڕێکلامکردن سەرکەوتنی کارەکە مسۆگەر دەکات، بەهۆی ئەو کاریگەرییە گەورە و بەهێزەی لەسەر خەڵکدا هەیەتی. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاش لەبواری چاپەمەنی دەرفەتی بەکارهێنانی ڕەنگ لەنێو رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەشێوەیەکی زۆر فراوان ڕەخساند(٩٧).

لەلایەکیدیکەوە بەکارهێنانی ڕەنگی جۆراوجۆر سەرنجی خوێنەر زیاتر بۆ بابەتەکە رادەکێشێت، زیاتر بەرەو واقعیەت دەڕوات. بۆ نموونە ڕێکلامکردنی بابەتێك تیایدا هەندێ ناونیشان بەشێوەیەك دەنووسرێت کە سەرنجراکێشانی خوێنەر، ئامانجی سەرەکی بێت، کەبەپێی ناوەرۆك Content و شێوە Form، ئامادەدەکرێت، چەند جۆرێك لەخۆدەگرێت، لەرووی ناوەرۆکەوە بۆ: ناونیشانی دەستنیشانکراو، ناونیشانی دەرخستنی لایەنی سوودوەرگرتن، ناونیشانی هەواڵی، ناونیشانی هەڵبژاردە، دەنووسرێت.

ڕەنگ بەشێوەیەکی گشتی لەنێو بابەتە ڕێکلامکراوەکاندا بریتییە لە ڕەنگی سەرەکی وڕەنگی لاوەکی، ئەویش جیاوازە لەگەڵ ڕەنگی فۆتۆگرافەکان، کەبریتییە لە: (زەرد، سور، شین)، لاوەکیش : (کەسك، پرتەقاڵی، بەنفسەجی). سێ ڕەهەندی سەرەکی شێوەی بەکارهێنانی ڕەنگ لەنێو ڕێکلامەکان لەکاتی دیزاینکردنی هونەری دەستنیشاندەکرێت: (جۆری ڕەنگ، پلەی ڕەنگ، خەستی ڕەنگ)(٩٨). ئاستە بەهێزەکەی کاریگەریی بەکارهێنانی ڕەنگ لەنێو ڕێکلامەکان لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

٦/٤-١- زیاتر سەرنجراکێشە بۆ ڕێکلامەکە.
٦/٤-٢- ڕەنگ جۆرە واقعیەتێك بەرێکلامەکە دەبەخشێت.
٦/٤-٣- کاریگەرییەکی هەستبزوێن لەلای وەرگر دروستدەکات.
٦/٤-٤- ڕەنگەکان ئاماژەگەلێکە بۆ بیرێکی دیارکراو.
٦/٤-٥- کاریگەری لەسەر بیری مرۆڤ هەیە.
٦/٤-٦- ڕەوشێکی گونجاو وەرگرتنی بیرۆکەی ڕێکلامەکە دەخاتەڕوو(٩٩).

٧- شێوازە تایبەتمەندییەکانی بلاوکردنەوەی ڕێکلام :

لەپاش دەستنیشانکردنی بنەماکانی دەرهێنانی ڕێکلام و ڕێگای بڵاوکردنەوەیان لەرۆژنامەکان ئەمانە دەرفەتی دووبارەبوونەوەی ڕێکلامەکان دەدەن، واتە ڕاگەیینەر دەتوانێت سیجار (٣٠) ڕێکلامی تایبەتی خۆی لەرۆژنامەیەکی ڕۆژانەدا بڵاوبکاتەوە، بۆئەوەی ڕێژەیەکی زۆرتر لەخوێنەر رابکێشێت، پاشان خوێنەر ڕۆژنامەکە بپارێزێت بۆئەوەی بتوانێت دووبارە بگەڕێتەوە سەری یان هەر کاتێکی بیەوێت بگەڕێتەوە سەری(١٠٠). بەڵام بەگشتی هەر ڕێکلامێك یان جاڕدانێك چوار تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت: (یەکەم: ئەرکێکی ناتایبەتە، پەیوەندی نێوان کەسی ڕاگەیینەر و جەماوەر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ، لەرێگای بەکارهێنانی ئامرازی گەیاندنی جیاواز). (دووەم: لەبڕی ڕێکلامکردن پارەیەك دەدرێتێ، ئەوەیش ڕێکلام لەجاڕدان جیایدەکاتەوە، چونکە ئەوەی دووەم بێ بەرامبەرە). (سێیەم: ڕێکلام تەنها بۆ کاڵاکان نییە بەڵکو بۆ بیر و خزمەتگوزارییەکانیشە). (چوارەم: ڕێکلام کەسی ڕاگەیینەر ئاشکرادەکات و دەبێتە سەرچاوەکەی، ئەویش جیاوازیەکیترە لەگەڵ جاڕدان کە بەزۆری کەسی ڕاگەیینەر ئاشکرا ناکرێت(١٠١). بەگشتی دەکرێ میکانیزمی کاری گەیاندن لەرێگای پرۆسەی ڕێکلام و پروپاگەندە و ئاگاداری بەمشێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:




پرۆسەی گەیاندن لە ڕێکلام

دەکرێ لێرەدا بەگشتی شێوازەکانی ڕێکلامی ڕۆژنامەگەری بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین (١٠٢):
١/٧- شێوازی نوکتەو گاڵتە و گەپ: ئەمشێوازە مەبەستێکی شاراوەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی لەدواوەوەی هەیە.
٢/٧- شێوازی دووبارەکردنەوە: ئەمە زیاتر لەنێو ڕۆژنامەکان بەرچاودەکەوێت، چەندینجار دووبارە دەکرێتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی.
٣/٧- شێوازی گوتاری: ئەو شێوازەی کە شاعیر و گوتاربێژەکان بەکاریدەهێنن، بۆ کارلێکردن و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکەسەکان.
٤/٧- شێوازی درۆ دروستکردن: ئەمشێوازەی لەکاتی جەنگەکاندا بەکاردێت.
٥/٧- شێوازی سۆز ڕاکێشان: ئەو شێوازەی تیایدا کەسانی دیکە بۆ ئامانجێکی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن.
٦/٧- شێوازی سرود و گۆرانی: بەتایبەتی ئەوەی لەگۆرانی و سرودە نیشتمانییەکان بەکاردێت.
٧/٧- شێوازی ئارمەکان: بریتییە لەو وشە ئاسان و بەدەنگانەی کە کاریگەری بەسەر تاکە کەسی هەبێت.

٨- زمانی ڕێکلام بەبەراورد لەگەڵ زمانی پروباکەندە :

زمانی پروباکەندە جیاوازە لەزمانی ڕێکلام، چونکە شێوازی داڕشتنی بابەتی ڕێکلام لەگەڵ بابەتی پروباکەندە لەڕووی بەکارهێنانی زمانەکەی وەکو یەك نین، بەهۆی ئەوەی نووسینی بابەتی

پروباكەندە زمانێكی تایبەتمەندی دەوێت واتە پێویستە زمانێكی تایبەتی بەكاربهێنرێت پەیوەستە بەمانەی خوارەوە، وەك: (ئاسایی رەوانبێژی، زێدەرۆیی، بەهێزی دارشتن، زمانێكی ئاراستەكراو، زمانێكی فەرمان و زمانی مەجازی بەكاربێت)(١٠٣). ئەم فاكتەرانەش شێوازێكی تایبەتن بەنووسینی دەقی پروباكەندە، بۆئەوەی دەقەكە بتوانێت بەسەركەوتوویی ئامانجی خۆی بپێكێت.

بێگومان زمان تاكە ئامرازی زیندوو و گرنگە لەدەركردن و وەرگرتنی كارەكانی گەیاندن بەگشتی و پروباكەندە بەتایبەتی، هەربۆیە بۆتە جێگەی بایەخپێدانی گشت زانایانی سایكۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و زمانەوانی. ئەمبوارەش واتە لایەنی زمان گۆرەپانی لێكۆڵینەوە و شرۆڤە و شیكردنەوەی زمانی بابەتە پروباكەندەكان بەگشتی كردەوە، تیایدا چەندین شێواز و لێكۆڵینەوەی جۆراوجۆریان سەبارەت شیكردنەوەی دەقی پروباكەندە خراونەتەڕوو، بۆ بۆنموونە: (شیكردنەوەی ناوەرۆك (Content Analysis)، شیكردنەوەی وتەی ئاراستەكراو (دەق) (Discourse Analysis)). لێكۆڵینەوەش لەزمانی پروباكەندە لەرێگای ئەمجۆرە شیكردنەوانە بەپێی چەند پێوەرێك ئەنجام دەدرێت، وەك: (راستگۆیی (Credibility)، جێگیری (Cosistency)، ئاسانی و روونی (Simplicity and Clarity)، كورتی (Brevity)، حەزلێكردن (Pleasantness)، بابەتی (Objectivity)، بلیمەتی (Subtlety)، رادە یاخود پلەی گونجاوی (Appropriateness) )(١٠٤). ئەمانە بەگشتی شێوازی زمانە بەكارهاتووەكەی پروباكەندە دیاردەكات و بەجیا لەگەڵ زمانی رێكلام دەخرێتەڕوو.

## ٩- شیكردنەوەی نموونەكان :

لەپاش خستنەڕووی چەند نموونەیەكی رێكلام كە بەشێوەیەكی هەرەمەكی لەرۆژنامەی خەبات لەنێوان سالآنی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) وەرگیراون، بەزۆری لەدوو لاپەڕەیە بلآوكراونەتەوە ئەویش لاپەڕە (١٠) دە بەناونیشانی (ئاگادارییەكان) و دوایین لاپەڕە كە (رێكلامی هونەری وبازرگانی) لەخۆگرتووە، لەماوەی ئەو دوو ساڵە رۆژانە دەرچووە كە دەكاتە (٧٢٠) جار، لەوماوەیەدا بەشێوەی رێكخراوی سادە لە(٣٦) ژمارەی رۆژنامە نموونەی رێكلامەكانمان وەرگرتووە، كەبەپێی جۆرەكان و شێوازی دەرهێنانیان رێژەكەی بەمشێوەیەی خوارەوە بووە :

### ١/٩- جۆرەكانی رێكلام وریژەی دەركەوتنیان:

جۆرەكانی رێكلام زۆرن بەپێی ناوەرۆك و شێوەویان دابەشدەكرێت كە لەسەر چەند بنەمایەك وەك (بنەمای جوگرافی، بنەمای شێوەیی) دامەزراون. بەمشێوەیەی خوارەوە دەركەوتوون:

### ٩/١-١- بەپێی بنەمای جوگرافی :

| رێكلامە لۆكاڵییەكان | رێكلامە نەتەوەییەكان | رێكلامە نیودەوڵەتییەكان |
|---|---|---|
| ٥٧٪ | ٣٤٪ | ٩٪ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەكەوێت كە لەم سێ جۆرە رێكلامە جۆگرافیانەی سەرەوە (لۆكاڵی، نەتەوەیی و نێودەوڵەتی) رێكلامە لۆكاڵییەكان بەرێژەیەكی زیاتر لە رێكلامە نەتەوەییەكان بلآوكراونەتەوە كە لەسەدا (٥٧٪) دەركەوتووە بەرامبەر رێژەی لەسەدا (٣٤٪)، كەچی رێكلامە نێودەوڵەتییەكان كەمتر دەردەكەون تەنها لەسەدا (٩٪)ـە.

**٩/١-٢- بەپێی بنەمای شێوەیی :**

| رێکلامە جێگیرەکان | | | | رێکلامە نووسراوەکان | رێکلامە پانتاییەکان | | رێکلامە کۆکراوەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پۆلینکراو | کۆمەڵگا | بەلگە | پرسە | - | وروژێنەر | ئاگاداری | - |
| ٪٦٠ | ٪٣٢ | ٪٧ | ٪١ | - | ٪٣٣ | ٪٧٧ | - |
| ٪٢٢ | | | | ٪٣٩ | ٪٢٧ | | ٪١٢ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا رێکلام بەپێی بنەمای شێوەیی کە چوار جۆری سەرەکی لەخۆدەگرێت: (رێکلامە جێگیرەکان، رێکلامە نووسراوەکان، رێکلامە پانتاییەکان، رێکلامە کۆکراوەکان). رێکلامە نووسراوەکان زیاتر لەجۆرەکانی تر بلاۆکراونەتەوە کە بەرێژەی سەدا (٣٩٪) دەرکەوتووە، کەچی رێکلامە جێگیرەکان هەرچەندە جۆرەکانی زۆرن کە بریتین لەرێکلامی (پولینکراو، کۆمەڵگا، بەڵگەنامەکان و پرسەکان)، بەلاۆم رێژەکەی تەنها لەسەدا (٢٢٪) بووە. کە نزیکە لە رێژەی دەرکەوتنی رێکلامە پانتاییەکان، کە رێکلامی (ئارەزوو و وروژێنەر و ئاگادارییەکان) لەخۆدەگرێتەوە ئەویش لەسەدا (٢٧٪) بووە. لەلایەکیتر جۆری رێکلامی کۆکراوەکان کەمترینیان بلاۆکراوەتەوە کە بەرێژەی سەدا (١٢٪) دەرکەوتووە.

**١٠- جۆرەکانی رێکلام بەپێی پێوەرەکان و رێژەی دەرکەوتنیان:**

هەنێجار جۆرەکانی رێکلام بەهۆی چەند پێوەریك وەك: (بازارگەیی، دابەشکردنەوە، شێوەیی) دابەشدەکرێت، کە هەر یەکێکیان چەند جۆرێکیتری لێدەبێتەوە، وەك:

**١٠/١- لەرووی پیشەی بازارگەیی :**

| رێکلامە فێرکارییەکان | رێکلامە رێنماییەکان | رێکلامە پێشبرکییەکان | رێکلامە بیرهێنانەکان |
|---|---|---|---|
| ٪٢٩ | ٪٤١ | ٪٢١ | ٪٩ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا رێکلام لەرووی پیشەی بازارگەیی لەنێو ئەم جۆرانە: (رێکلامی فێرکاری، رێنمایی، پێشبرکێ، بیرهێنانەوە) زیاتر رێکلامە رێنماییەکان بلاۆکراونەتەوە کە بەرێژەی سەدا (٤١٪) دەردەکەون، پاشان رێکلامە فێرکارییەکان دێت کە بەرێژەی سەدا (٢٩٪) دەردەکەوێت، پاشان رێکلامە پێشبرکییەکان دێت کە بەرێژەی سەدا (٢١٪) دەرکەوتووە، دواتر رێکلامە بیرهێنانەکان کە بەسەدا (٩٪) دەرکەوتووە.

**٢/١٠- لەرووی دەروازەکانی دابەشکردنەوە :**

| رێکلامە گشتییەکان | رێکلامە پیشەسازییەکان | رێکلامە هونەرییەکان | رێکلامە بازرگانییەکان |
|---|---|---|---|
| ٪٢٣ | ٪٢٥ | ٪٢١ | ٪٣١ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا رێکلام لەرووی دەروازەکانی دابەشکردنەوە: (گشتی، پیشەسازی، هونەری، بازرگانی)، تیایدا رێکلامە بازرگانیەکانی زیاتر دەرکەوتوونە

بەرێژەی (٣١٪)، بەلاٌم جۆرەكانی تری رێكلام رێژەی دەركەوتنیان نزیكن لەیەكەوە وەك لەخشتەكە دیارە لەنێوان سەدا (٢١-٢٣-٢٥٪) دەخولێتەوە، واتە ئاستی بلاٌوكردنەوەی جۆری رێكلامی (پیشەسازییەكان و هونەرییەكان وگشتییەكان) زۆر جیاواز نین و لەیەك ئاستدا دەردەكەون.

٣/١٠- لەرووی شێوەی خستنەڕوو (فۆرمەوە) :

| نیو پەرەمیدی | نیوەیی پەرەمێدی | نیو پەرەمیدی چوارگۆشەیی دوولایەنی | چوارگۆشەی دوولایەنی | چوارگۆشە (یەكلاكێشە): | هەرەمەكی و ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|
| ٪٣٥ | ٪١١ | ٪١٩ | ٪٢٠ | ٪١٠ | ٪٥ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەكەوێت كەوا رێكلام لەرووی شێوە یان فۆرمەوە زیاتر بەشێوە كلاسیكییە تەقلیدییەكەی (نیو پەرەمیدی) دەركەوتووە، كە رێژەكەی سەدا (٣٥٪)، و شێوە نوێیەكەی ئازاد كەمتر پەیڕەوكراوە كە بەرێژەی سەدا (٥٪) دەركەوتووە.

بەگشتی دەكرێ لێرەدا بەپێی بنەما وپێوەرەكانی دابەشكردنی جۆرەكانی رێكلام: (جۆگرافی، شێوەی هونەری، پیشەی بازارگەیی، دەروازەكانی دابەشكردنەوە و شێوەیی- فۆرم)، بەمشێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بكەین:

| بەپێی بنەماكان | | بەپێی پێوەرەكان | | |
|---|---|---|---|---|
| جوگرافی | شێوەی هونەری | لەرووی پیشەی بازارگەیی | لەرووی دەروازەكانی دابەشكردنەوە | لەرووی شێوە (فۆرم) |
| ٪١٠ | ٪٢٠ | ٪٢٧ | ٪٢٣ | ٪٢٠ |
| ٪٣٠ | | ٪٧٠ | | |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەكەوێت كەوا رێكلام بەپێی بنەماكانی جۆگرافیا و شێوەی هونەرەییەكەی ئاستی جیاوازیان زیاتر دەردەكەوێت لەوەی جۆرەكانی رێكلام بەپێی پێوەرەكانی بازارگەیی و دەروازەكان و فۆرمەوە دابەشبكرێنەوە چونكە رێژەی دەركەوتنیان نزیك دەبنەوە وئاستی پەیڕەوكردنیان لەنێو رۆژنامەكان وەك یەك دەبن. وەك لەخشتەكە دیارە (٢٠-٢٣-٢٧٪).

١١- شێوازە هونەرییەكانی دەرهێنانی رێكلام ورێژەی بەكارهێنانیان :

١/١١- شێوازە هونەرییەكانی رێكلام و رێژەی بەكارهێنانیان :

هەرچەندە شێوازەكانی خستنەڕووی رێكلام جۆراوجۆرن بەلاٌم زیاتر لەمجۆرانە دەردەكەوێت: (شێوازی گاڵتەو گەپ، شێوازی دووبارەكردنەوە، شێوازی گوتاری، شێوازی درۆ و دروستكراو، شێوازی سۆزراكێشان، شێوازی سرود و گۆرانی، شێوازی ئارمەكان) .

| شێوازی گاڵتە و گەپ | شێوازی دووبارەكردنەوە | شێوازی گوتاری | شێوازی دروستكراو | شێوازی سرود و گۆرانی | شێوازی ئارمی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٪١٠ | ٪٥ | ٪٣٠ | ٪٢٥ | ٪١٢ | ٪١٨ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا ڕێکلام لەرووی شێوازەکانی دەرهێنانەوە زیاتر شێوازی گوتاری تیایدا زاڵە کە بەرێژەی سەدا (٣٠٪) و کەمترینیان شێوازی دووبارەکردنەوەیە کە بەرێژەی (٥٪) دەرکەوتووە.

**٢/١١– شێوازی زمانی ڕێکلام بەبەراورد لەگەڵ زمانی پروپاکەندە:**

| زمانی پروپاکەندە | | زمانی ڕێکلام | | |
|---|---|---|---|---|
| ٪٦٧ | | ٪٣٣ | | |
| ئارستەکراو | بەهێز | گشتی | بازرگانی | سەرنجراکێشی |
| ٪٥٥ | ٪٤٥ | ٪٣٥ | ٪٣٤ | ٪٣١ |

وەك لەم خشتەیەدا دیارە کەوا زمانی پروپاکەندە بەهێزترە لەزمانی ڕێکلام کە بەسووکی دەردەکەوێت وجۆرەکانیشی لەئاستکی نزیکدان، هەرو ەك چۆن زمانی پروپاکەندە بەرێژەی سەدا (٦٧٪) دەرکەوتووە و زمانی ڕێکلام بەرێژەی سەدا (٣٣٪) دەرکەتووە.

**٣/١١– بەگشتی شێوازە ئەدەبیاتەکانی ڕێکلام بەمشێوەی خوارەوە دەرکەوتووە :**

| شێوازە هونەرییەکانی دەرهێنان | | توخمەکانی تایپۆگرافیا | | زمان |
|---|---|---|---|---|
| شێوازە هونەرییەکان | شێوەی خستنەڕوو (چوار گۆشە– نیو پەرەمیدی ریك)) | بەکارهێنانی وێنە | بەکارهێنانی رەنگ | بەهێزی زمان |
| ٪٣٥ | ٪٢٥ | ٪١٤ | ٪١١ | ٪١٥ |

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا ڕێکلام لەرووی شێوازە هونەرییەکانی دەرهێنان شێوازە هونەرییەکان و شێوەی خستنەڕوو لەئاستیکی باش پەیڕەوکراون کە بەرێژەی سەدا (٣٥-٢٥٪) دەرکەوتوون، لەچاو بەکارهێنانی توخمەکانی تری تایپۆگرافیای ڕۆژنامەکە وەك رەنگ و وێنە و بەهێزی زمانەکەی کە کەمتر لەنێو ڕێکلامەکان پەیڕەوکراون وەك لەرێژەکانیان دەرکەوتوونە (١١-١٤-١٥٪).

ئەنجامەکان :

١– جۆرەکانی ڕێکلام زۆرن و بەپێی ناوەرۆك و شێوەوە دابەشدەکرێت، لە ڕۆژنامەی خەبات زیاتر جۆری ڕێکلامی (نووسراو) و بازارگەیی بەکارهاتووە.

٢– ڕێکلام لەرووی شێوەییەوە کۆمەڵە شێوازی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە بەلاَم لەرۆژنامەی خەبات زیاتر لەسەر شێوازی نیوپەرەمیدی وچوار گۆشەیی ڕۆیشتووە کە لەپەڕە (١٠) ودواین لاپەڕەی ڕۆژنامەکە خراونەتەڕوو.

٣– ڕێکلامی ڕۆژنامەگەری لەرووی تەکنیك و دیزاینەوە وەکو پێویست لەنێو ڕۆژنامەی خەبات ڕۆڵی خۆی نەبینیوە یان نەخراونەتەڕوو وبەشێوەیەکی هەرەمەکی دانراون.

٤– هەرچەندە شێوازەکانی خستنەڕووی ڕێکلام جۆراوجۆرن بەلاَم زیاتر شێوازی گوتاریی تیایدا پەیڕوکراوە.

٤– جۆرەکانی جاڕدان هەمانشێوەکانی دابەشکردنی ڕێکلام لەخۆدەگرێت، هەروەها ڕێژەی دەرکەوتنی لەرۆژنامەی خەبات لەنێوان (١٠-١٥٪)ی پانتایی لاپەڕەکانی گرتۆتەوە، شوێنەکەشی لەلاپەڕەی دوایین یان دوو لاپەڕەی دواییندا دانراون و شێوازی دەرهێنانیان زیاتر بەشێوەی پەرەمێدی ڕاست وچوارگۆشەی دوولایەنی خراونەتەڕوو.

٥– زمانی پروپاکەندە جیاوازە لەزمانی ڕێکلام و بەپێی چەند پێوەرێك دەستنیشانکراوە، لەرۆژنامەی خەبات زمانێکی ئاراستەکراوە ولەرووی رەوانی و جەختکردن بەهێزە بۆ ئەنجامدانی کاریگەری پێویست.

٦– ڕێکلام لەرووی شێوازەوە هونەرکاری زیاتر تیایدا پەیڕەوکراوە لەرووی فۆرم و شێوەی

خستنەڕوو، بەڵام ڕەنگكاری و زمانەكەی لاوازە و كەمتر بەكارهاتووە.

## راسپاردە

بۆئەوەی ڕیكلامی ڕۆژنامەگەری بەشێوەیەكی گونجاوتر و نوێتر لەنێو ڕۆژنامە كوردییەكاندا بەكاربهێنرێت و ڕۆڵی كارای تیایدا دەركەوێت توێژەر چەند راسپاردەیەك دەخاتەڕوو بەهیوای بەهەند وەرگرتن و كارپێكردنیان :

١- گرنگیدانی زیاتر بەریكلامی ڕۆژنامەگەری و ڕەچاوكردنی شوێن و قەبارەی گونجاو بۆ بەكارهێنانی.

٢- رەچاوكردنی رەهەند و لایەنە هونەریەكانی ریكلامكردن وشێوازی خستنەڕوویان بۆ زیاتر كاریگەری لەسەر خوێنەر.

٣- گۆڤارە كوردییەكان چاو لەستایلە پێشكەوتووەكانی شێوازی بەكارهێنانی و دیزاینكردنی ریكلامە ڕۆژنامەگەرییەكان لەوڵاتە پێشكەوتووەكان بكات بۆئەوەی زیاتر ببێتە جێگە سەرنجڕاكێشان و بایەخپێدانی خوێنەرانی كورد.

٤- خستنەڕووی ریكلامی رنگاورەنگ لەنێو گشت لاپەرەكانی ڕۆژنامەكە بەپێی پێویست.

٥- گرنگی دان بەزمانی ریكلام تا چەند سەرنجراكێش بێت ئەوەندە كاریگەری لەسەر خوێنەر دەبێت.

٦- بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا سوود لەگشت پرۆگرامە تازەكانی كۆمپیوتەر بۆ كاری دیزاین و دەرهێنانی وێنەكانی ریكلام لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەكان.

٧- بایەخ بەریكلامی ڕۆژنامەگەری لەنێو ڕۆژنامەكان بەگشتی بدرێت چونكە لایەنی دارایی و ئابووری بەرێوەبردن و دەركرنی ڕۆژنامەكە لەرێگەی ریكلامەكان دەستدەكەوێت بۆیە بۆئەوەی ڕۆژنامەكە لەرووی كوالیتی و چەندی لەئاستێكی بەرزدا بێت.

## پەراوێزەكان :

١- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم-محمد ابو جمعة، ط:١، عمان – ٢٠٠٣، ص٥.

٢- سەرچاوەی پێشوو: ص٣٧.

٣- الاعلانات الصحفية، مرزوق عبدالحكم العادلى، مط: دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة – ٢٠٠٤، ص١٥٠.

٤- الاعلان (اسسه–وسائله–فنونه)، منى سعيد الحديدي، ط:١، دار المصرية اللبنانية، القاهرة–١٩٩٩، ص٢٧.

٥- تحليل لغة الدعاية، عبدالله مصطفى الخزرجى، ط:١، بغداد–١٩٨٤، ص١١.

٦- Propaganda, Lasswell, H.D. the Encyclopedia of Social Sciences, Vol. XII, 1933, p.521.

٧- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم – محمد ابو جمعة، ص١٣.

٨- الاعلان، محمد الوفائي، ص١٣.

٩- الاعلان، خليل صابات، ص١.

١٠- الفن الصحفي، د. محمود علم الدين، ص٢١٣.

١١- سەرچاوەی پێشوو: ص٢١٣.

١٢- الاعلان والعلاقات العامة، د. ثابت عبدالرحمن، القاهرة–١٩٩٠، ص٨–١٠.

١٣- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم–محمد ابو جمعة، ص٤٠–٤١.

١٤- تحليل لغة الدعاية، عبدالله مصطفى الخزرجي، ص٣١.

١٥- الاعلان المداخل الاساسية، د. سمير محمد حسين، عالم الكتب، ص٥.

١٦- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم–محمد ابو جمعة، ص٧٧.

١٧- الاعلان الصحفي، د. صفوت محمد العالم، القاهرة–٢٠٠٢، ص٢١–٢٤.

١٨- الفن الصحفي، د. محمود علم الدين، ص٢١٦–٢١٨.

١٩- سەرچاوەی پێشوو: ص٢١٨ – ٢١٩.

٢٠- اسس التسويق والاعلان، بسام محمد ابو خضير، ص٢٣٨–٢٣٩.

٢١- الاعلان الصحفي، د. صفوت محمد العالم، ص٢٦–٢٧.

٢٢- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم–محمد ابو جمعة، ص٨٤.

٢٣- فن البيع والاعلان، محمد رفيق البرقوقي واخرون، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة–١٩٨٧، ص١٣٥–١٣٦.

٢٤- اخراج الصحف والمجلات، د. تيسير ابو عرجة، ص١٢٧–١٢٨.

٢٥- الاعلان الصحفي، د. صفوت محمد العالم، ص٢٧–٣١.

٢٦- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم–محمد ابو جمعة، ص٢٤–٢٦.

٢٧- الفن الصحفي، د. محمود علم الدين، ص٢١٤ – ٢١٦.

٢٨- اخراج الصحف والمجلات، د. تيسير ابو عرجة، ص١٢٢.

٢٩- الاعلان، علي السلمي، مكتبة الغريب، القاهرة–١٩٧٨، ص١٥٦.

٣٠- عملية الاتصال الاعلاني، صفوت العالم، ص٥٢–٥٣.

٣١- اسس التسويق والاعلان، بسام محمد ابو خچير، ص٢١٩.

٣٢- ر: خەبات، ژ(١٨٠٧)، شەممە (٢٨/٥/٢٠٠٥)، ل١٢.

٣٣- ر: خەبات، ژ(١٨٤٤)، دووشەممە (٤/٧/٢٠٠٥)، ل١٦.

٣٤- ر: خەبات، ژ(١٧٥٧)، هەینی (٢٠٠٥/٤/٨)، ل١٢.
٣٥- ر: خەبات، ژ(٢٠٨٠)، پێنج شەممە (٢٠٠٦/٣/٩)، ل١٢.
٣٦- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم-محمد ابو جمعة، ص٨٠-٨١.
٣٧- الاعلان الصحفي، د. صفوت محمد العالم، ص٤١-٥١. الاعلانات الصحفية، مرزوق عبد الحكم، ص١٦٩-١٧٠.
٣٨- ر: خەبات، ژ(٢٢٨٥)، سێ شەممە (٢٠٠٦/١٠/٣)، ل١٦.
٣٩- ر: خەبات، ژ(١٩١٩)، شەممە (٢٠٠٥/٩/١٧)، ل١٦.
٤٠- ر: خەبات، ژ(١٩٢٢)، سێ شەممە (٢٠٠٥/٩/٢٠)، ل١٠.
٤١- ر: خەبات، ژ(١٩٢٧)، یەك شەممە (٢٠٠٥/٩/٢٥)، ل١٦.
٤٢- ر: خەبات، ژ(١٩٣٥)، دوو شەممە (٢٠٠٥/١٠/٣)، ل٤.
٤٣- الاعلان الصحفي، د. صفوت محمد العالم، ص٥١.
٤٤- الاعلانات الصحفية، مرزوق عبد الحكم العادلي، ص١٧٢.
٤٥- ر: خەبات، ژ(١٦٧٦)، ریكەوتی (٢٠٠٥/١/١٠)، ل١٠.
٤٦- ر: خەبات، ژ(١٧٢٩)، دووشەممە (٢٠٠٥/٣/٧)، ل١٠.
٤٧- الاعلان الصحفي، د. صفوت محمد العالم، ص٣٩-٤٠.
٤٨- ادارة المؤسسات الصحفية، ابراهيم عبدالله المسلمي، ص٣١٧-٣١٨.
٤٩- ر: خەبات، ژ(١٧٢٤)، چوارشەممە (٢٠٠٥/٣/٢)، ل١٠.
٥٠- ر: خەبات، ژ(١٧٣١)، چوارشەممە (٢٠٠٥/٣/٩)، ل١٠.
٥١- الاعلان الصحفي، د. صفوت محمد العالم، ص٥١-٥٤.
٥٢- الاعلانات الصحفية، مرزوق عبد الحكم العادلي، ص١٧٢-١٧٣.
٥٣- ر: خەبات، ژ(١٧٣٦)، دوو شەممە (٢٠٠٥/٣/١٤)، ل١٢.
٥٤- ر: خەبات، ژ(٢٢٣٧)، چوار شەممە (٢٠٠٦/٨/١٦)، ل١.
٥٥- ر: خەبات، ژ(١٧٣٨)، چوار شەممە (٢٠٠٥/٣/١٦)، ل١٢.
٥٦- ر: خەبات، ژ(١٦٩٥)، سێ شەممە (٢٠٠٥/٢/١)، ل١.
٥٧- ر: خەبات، ژ(٢٠٤٤)، چوار شەممە (٢٠٠٦/٢/١)، ل١.
٥٨- ر: خەبات، ژ(١٦٧٣)، هەینی (٢٠٠٥/١/٧)، ل١-٣.
٥٩- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم-محمد ابو جمعة، ص١٩-٢١.
٦٠- ر: خەبات، ژ(٢١١٨)، چوارشەممە (٢٠٠٦/٤/١٩)، ل١٠.
٦١- ر: خەبات، ژ(١٧٢٣)، سی شەممە، (٢٠٠٥/٣/١)، ل١٠. ژ(٢٠٩٨)، پێنج شەممە (٢٠٠٦/٣/٣٠)، ل١٥.
٦٢- ر: خەبات، ژ(٢١٠١)، یەك شەممە (٢٠٠٦/٤/٢)، ل١٦.
٦٣- ر: خەبات، ژ(١٩٤٩)، سێ شەممە (٢٠٠٥/١٠/١٨)، ل١٦.
٦٤- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم-محمد ابو جمعة، ص٢١-٢٣.
٦٥- ر: خەبات، ژ(٢٠٧٦)، یەك شەممە (٢٠٠٦/٣/٥)، ل١٦.
٦٦- ر: خەبات، ژ(٢٠٨٠)، پێنج شەممە (٢٠٠٦/٣/٩)، ل١٦.
٦٧- ر: خەبات، ژ(٢٠٨٨)، هەینی (٢٠٠٦/٣/١٧)، ل١٦.
٦٨- ر: خەبات، ژ(٢٠٩٥)، دووشەممە (٢٠٠٦/٣/٢٧)، ل١٦.
٦٩- ر: خەبات، ژ(١٧٢٦)، هەینی (٢٠٠٥/٣/٤)، ل١٢.
٧٠- ر: خەبات، ژ(١٧٢٩)، دووشەممە (٢٠٠٥/٣/٧)، ل١٢.
٧١- الاعلان الصحفي وتخطيط الحملات الاعلانية، صفوت العالم، ص١٣٣-١٣٤.
٧٢- اخراج الصحف والمجلات، د. تيسير ابو عرجة، ص١٢٦-١٢٧. الاعلان الصحفي، د. صفوت العالم، ص١٦٣-١٦٤.
٧٣- ر: خەبات، ژ(١٨٥٤)، پێنج شەممە (٢٠٠٦/٧/١٤)، ل١٦.
٧٤- ر: خەبات، ژ(١٧٦٩)، چوارشەممە (٢٠٠٥/٤/٢٠)، ل١٢.
٧٥- ر: خەبات، ژ(١٧٨٣)، چوار شەممە (٢٠٠٥/٥/٤)، ل١٢.
٧٦- ر: خەبات، ژ(١٧٩٧)، چوار شەممە (٢٠٠٥/٥/١٨)، ل١٢.
٧٧- ر: خەبات، ژ(١٧٩٥)، دوو شەممە (٢٠٠٥/٥/١٦)، ل١٢.
٧٨- ر: خەبات، ژ(١٧٩٢)، هەینی (٢٠٠٥/٥/١٣)، ل١٢.
٧٩- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم-محمد ابو جمعة، ص٣٨. تحليل لغة الدعاية، عبدالله مصطفى الخزرجي، ص١٨.
٨٠- تحليل لغة الدعاية، عبدالله مصطفى الخزرجي، ص١٨-١٩.
٨١- الاعلان (اسسه-وسائله-فنونه)، منى سعيد الحديدي، ط:١، دار المصرية اللبنانية، القاهرة-٢٠٠٥، ص٨٧-١٠٠.
٨٢- الاعلان الصحفي، صفوت محمد العالم، مركز الجامعة، ص٤١.
٨٣- سەرچاوەی پێشوو: ص١٧١.
٨٤- الاعلان (اسسه-وسائله-فنونه)، منى سعيد الحديدي، ص١٠٠.
٨٥- الدعاية والاعلان والعلاقات العامة، محمد جودت ناصر، ط:١، دار المجدلاوي، عمان-١٩٩٨، ص١١٥-١١٦.
٨٦- الاعلان الصحفي، د. صفوت محمد العالم، ١١٧-١٤٢.
٨٧- الاعلانات الصحفية، مرزوق عبد الحكم العادلي، ص١٧٥.
٨٨- سەرچاوەی پێشوو: ص١٧٧.
٨٩- فن التحرير الصحفي، عبداللطيف حمزة، ص٥١٥-٥١٦.

٩٠- العوامل المؤثرة في عملية الاتصال الاعلاني، صفوت محمد مصطفى العالم، ك: الاعلام، القاهرة-١٩٨٢، ص٣٦٥-٣٦٦.
٩١- اخراج الصحف والمجلات، د. تيسير ابو عرجة، ص١٢٤.
٩٢- الاعلان الصحفي وتخطيط الحملات الاعلانية، صفوت العالم، القاهرة-٢٠٠٠، ص١٣٥. الاعلان الصحفي، د. صفوت العالم، ص١٥٤-١٥٥.
٩٣- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم-محمد ابو جمعة، ص١٣٠.
٩٤- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم-محمد ابو جمعة، ص١٣٤-١٣٨. الاعلان الصحفي، د. صفوت العالم، ص١٥٦-١٥٩.
٩٥- الدعاية والاعلان، ص١٤١-١٤٧. الاعلان الصحفي، ص١٦٠.
٩٦- فن الاعلان، سمير حسن، القاهرة-١٩٧٧، ص٤٤.
٩٧- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم- محمد ابو جمعة، ص١٤٩.
٩٨- سەرچاوەی پێشوو: ص١٥٠-١٥١.
٩٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ص١٥٣-١٥٥.
١٠٠- تخطيط الحملات الاعلانية، عبدالرحمن العناد، الرياض-١٩٩٠، ص١٨٣.
١٠١- الدعاية والاعلان، رستم ابو رستم-محمد ابو جمعة، ص١٣-١٤.
١٠٢- سەرچاوەی پێشوو: ص٣٨-٣٩.
١٠٣- تحليل لغة الدعاية، عبدالله مصطفى الخزرجي، ص٤٢-٥١.
١٠٤- سەرچاوەی پێشوو: ص٥٧-٥٨، ٦٥-٧٨.

سەرچاوەکان :


١- ابراهيم عبدالله المسلمي: (١٩٩٥)،ادارة المؤسسات الصحفية، العربي للنشر، القاهرة.
٢- بسام محمد ابو خضير: اسس التسويق والاعلان، .
٣- تيسير ابو عرجة (دكتور): (١٩٨٦)،اخراج الصحف والمجلات، ط:١، دار القلم، دبي.
٤- ثابت عبد الرحمن (دكتور): ا(١٩٩٠)،لاعلان والعلاقات العامة، جامعة عين شمس، القاهرة.
٥- خليل صابات: (١٩٨٧)،الاعلان (تاريخه اسسه وقواعده فنونه واخلاقياته)، ط:٢، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة .
٦- رستم ابو رستم-محمد ابو جمعة:(٢٠٠٥)، الدعاية والاعلان، ط:١، عمان.
٧- سمير حسن: (١٩٧٧)،فن الاعلان، القاهرة.
٨- سمير محمد حسين (دكتور): (١٩٨٠)،الاعلان المداخل الاساسية، عالم الكتب، القاهرة.
٩- صفوت محمد مصطفى العالم (دكتور):(١٩٨٢)، العوامل المؤثرة في عملية الاتصال الاعلاني، ك:الاعلام، القاهرة.
١٠- :(٢٠٠٠)،الاعلان الصحفي وتخطيط الحملات الاعلانية، النهضة المصرية، القاهرة-
١١- :(٢٠٠٢)،الاعلان الصحفي، مط: مركز الجامعة، القاهرة.
١٢- :(١٩٩٨)، عملية الاتصال الاعلاني، مكتبة النهضة المصرية، ط:٣، القاهرة.
١٣- عبدالرحمن حمودالعناد:(١٩٩٠)، تخطيط الحملات الاعلانية، ط:١، عالم الكتب، رياض-
١٤- عبد اللطيف حمزة (دكتور): (٢٠٠١)،مدخل في فن التحرير االصحفي، ط:٢، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
١٥- عبدالله مصطفى الخزرجى:(١٩٨٤)، تحليل لغة الدعاية، ط:١، بغداد.
١٦- علي السلمي: (١٩٧٨)،الاعلان، مكتبة الغريب، القاهرة.
١٧- محمد الوفائى: (١٩٨٩)،الاعلان، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
١٨- محمد جودت ناصر: (١٩٩٨)،الدعايةوالاعلان والعلاقات العامة، ط:١، المجدلاوي، عمان.
١٩- محمد رفيق البرقوقى واخرون:(١٩٨٧)، فن البيع والاعلان، الانجلو المصرية، القاهرة.
٢٠- محمود علم الدين (دكتور): (٢٠٠٤)،الفن الصحفي، مطبوعات اخبار اليوم، مصر.
٢١- مرزوق عبد الحكم العادلى:(٢٠٠٤)، الاعلانات الصحفية (دراسة في الاستخدامات والاشباعات)، مط: دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة .
٢٢- منى سعيد الحديدي:(٢٠٠٥)، الاعلان (اسسه-وسائله-فنونه)، ط:١، دار المصرية اللبنانية، القاهرة .
23- Lasswell, Propaganda, H.D. the Encyclopedia of Social Sciences, Vol. XII, 1933.

ب- رۆژنامە:
٢٤- ر: خەبات، ژ(١٦٧٣)، هەینی (٢٠٠٥/١/٧).
٢٥- ر: خەبات، ژ(١٦٧٦)، دووشەمە (٢٠٠٥/١/١٠).
٢٦- ر: خەبات، ژ(١٦٩٥)، سێ شەمە (٢٠٠٥/٢/١).
٢٧- ر: خەبات، ژ(١٧٢٣)، سی شەمە، (٢٠٠٥/٣/١).
٢٨- ر: خەبات، ژ(١٧٢٤)، چوارشەمە (٢٠٠٥/٣/٢).
٢٩- ر: خەبات، ژ(١٧٢٦)، هەینی (٢٠٠٥/٣/٤).
٣٠- ر: خەبات، ژ(١٧٢٩)، دووشەمە (٢٠٠٥/٣/٧).
٣١- ر: خەبات، ژ(١٧٣١)، چوارشەمە (٢٠٠٥/٣/٩).
٣٢- ر: خەبات، ژ(١٧٣٦)، دوو شەمە (٢٠٠٥/٣/١٤).
٣٣- ر: خەبات، ژ(١٧٣٨)، چوار شەمە (٢٠٠٥/٣/١٦).
٣٤- ر: خەبات، ژ(١٧٥٧)، هەینی (٢٠٠٥/٤/٨).
٣٥- ر: خەبات، ژ(١٧٦٩)، چوارشەمە (٢٠٠٥/٤/٢٠).
٣٦- ر: خەبات، ژ(١٧٨٣)، چوار شەمە (٢٠٠٥/٥/٤).
٣٧- ر: خەبات، ژ(١٧٩٢)، هەینی (٢٠٠٥/٥/١٣).
٣٨- ر: خەبات، ژ(١٧٩٥)، دوو شەمە (٢٠٠٥/٥/١٦).
٣٩- ر: خەبات، ژ(١٧٩٧)، چوار شەمە (٢٠٠٥/٥/١٨).
٤٠- ر: خەبات، ژ(١٨٠٧)، شەمە (٢٠٠٥/٥/٢٨).
٤١- ر: خەبات، ژ(١٨٤٤)، دووشەمە (٢٠٠٥/٧/٤).
٤٢- ر: خەبات، ژ(١٩١٩)، شەمە (٢٠٠٥/٩/١٧).
٤٣- ر: خەبات، ژ(١٩٢٢)، سێ شەمە (٢٠٠٥/٩/٢٠).
٤٤- ر: خەبات، ژ(١٩٢٧)، یەك شەمە (٢٠٠٥/٩/٢٥).
٤٥- ر: خەبات، ژ(١٩٣٥)، دوو شەمە (٢٠٠٥/١٠/٣).
٤٦- ر: خەبات، ژ(١٩٤٩)، سێ شەمە (٢٠٠٥/١٠/١٨).
٤٧- ر: خەبات، ژ(٢٠٤٤)، چوار شەمە (٢٠٠٦/٢/١).
٤٨- ر: خەبات، ژ(٢٠٧٦)، یەك شەمە (٢٠٠٦/٣/٥).
٤٩- ر: خەبات، ژ(٢٠٨٠)، پێنج شەمە (٢٠٠٦/٣/٩).
٥٠- ر: خەبات، ژ(٢٠٨٨)، هەینی (٢٠٠٦/٣/١٧).
٥١- ر: خەبات، ژ(٢٠٩٥)، دووشەمە (٢٠٠٦/٣/٢٧).
٥٢- ر: خەبات، ژ(٢٠٩٨)، پێنج شەمە (٢٠٠٦/٣/٣٠)
٥٣- ر: خەبات، ژ(٢١٠١)، یەك شەمە (٢٠٠٦/٤/٢).
٥٤- ر: خەبات، ژ(٢١١٨)، چوارشەمە (٢٠٠٦/٤/١٩).
٥٥- ر: خەبات، ژ(١٨٥٤)، پێنج شەمە (٢٠٠٦/٧/١٤).
٥٦- ر: خەبات، ژ(٢٢٣٧)، چوار شەمە (٢٠٠٦/٨/١٦).
٥٧- ر: خەبات، ژ(٢٢٨٥)، سێ شەمە (٢٠٠٦/١٠/٣).

# ادبيات الاعلان في الصحف الكردية

## بحث وصفي للاعلانات الصحفية من حيث اللغة و طريقة العرض (جريدة خةبات ٢٠٠٥-٢٠٠٦ كنموذج)


ملخص البحث

فن الاعلان في عالم الصحافة عمل مهم و ضروري وهى احدى الانشطة المهمة التي تساعد المؤسسات الاعلامية في الحصول على التمويل المادي اللازم لاستمرارها في عملها وتوصيل رسالتها الاعلامية، والتي بدأت بالظهور بكل اشكالها وتطورت بحسب المراحل التاريخية لتقدمها، وليست صناعة الاعلانات من الفنون المستحدثة وإنما هي قديمة قدم التاريخ، فقد بدأ الاعلان على أشكال متعددة تطورت بمرور الزمن حتى أصبح فن الاعلان كما نعرفه الآن، فالاعلان فن يتطور تطوراً ذاتياً بجانب التطور التقني الذي تصل إليه المجتمعات، فمع التطور الكبير الذي احدثته التكنلوجيا في عالمنا اليوم، انعكس هذا بدوره على عالم الدعاية والاعلان فأصبحت لاساليب تصميم الاعلانات وإخراجها الشئ الكثير من التطور والجاذبيه. لذلك فالاعلان مرتبط بمجموعة اشكال وانماط متعددة و متنوعة من التصميمات ومن خلالها تجهز و من ثم يعرض وينشر، لذلك رأينا انه من الضروري اعداد هذا البحث لتحديد اهم اساليب عرض الاعلانات و اهم انواعها من حيث التصميم و طرق اخراجها. بداية يتحدث البحث عن مفهوم الاعلان ويقدم تعريفا بسيطا لها من ثم يحدد اهم انواع الاعلانات بشكل عام بعد ذلك يعرض اهم اساليب الاخراج و تصميم الاعلانات الصحفية، وينتهي باهم النتائج التي توصل اليها الباحث وقائمة بالمصادر المستخدمة.


# Literature of Reklam at Kurdish newspaper

**Descriptive search of reklam in terms of language and the view (khabat newspaper 2005-2006)**


Abstract

The art of advertising in the press work is important and necessary, one of the important activities that help media organizations to obtain funding necessary material for continuing to work and get their message across media, which began to appear in all its forms and developed according to historical stages of its progress, not the advertising industry of the arts developed, but is as old as history, has begun advertising on multiple forms evolved over the centuries until it became the art of advertising as we know it now, the Declaration is the art of well developed self-development technical we come to it, with great development wrought by technology in our world today, reflected in turn the world of advertising has become methods design of advertising and out of its development and a lot of gravity. The Declaration is therefore associated with a set forms and methods of multiple and varied, and through them processed and then displayed and published, so we have seen that it is necessary to the preparation of this research to identify the most important methods or styles of display ads and the most important types in terms of design and directed them. Find start talking about the concept of advertising and provides a simple definition of it then identifies the most important kinds of advertising in general, then presents the most important styles of directing and design of newspaper advertisements, and ends with the most important findings of the researcher and the list of references.